# بەرپرسیارێتی ژمێریاری یاسایی لە رووبەرووبونەوەی خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باجی دەرامەت لە هەرێمی کوردستان - عیراق (توێژینەوەیەکی شیکارییە)

[1] پ. ی. د. کمال انور یابە [2] ایمان عزالدین بکر رۆژبەیانی
[1]کۆلێژی یاسا، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، وانەبێژ لە بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان.
[2] خوێندکاری بەشی یاسای گشتی، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان .

**پوختە**

باجی دەرامەت جۆرێکە لە جۆرەکانی باجی ڕاستەخۆ کە لەسەر داهات و سامانی کەسەکان دەسەپێندرێت، بە ئامانجی پڕکردنەوەی پێداویستی یە گشتی یەکانی کۆمەڵگا و بەدیهێنانی دادپەروەری باجی، کۆمپانیاکان وەکو یەکەیەکی ئابووری بەشدارن لە پڕکردنەوەی پێداویستی یە گشتی یەکانی کۆمەڵگا لە ڕێگای دانی باجی دەرامەت،

وە بۆ ئەم مەبەستەی کەوا بڕی باج لەسەر داهات و قازانجی کۆمپانیاکان بسەپێندرێت پێویستە ژمێرەی کۆتایی کۆمپانیا لە لایەن ژمێریاری یاسایی یەوە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت بۆ دڵنیا بوونەوە لە ڕاست و دروستی زانیاری و بەڵگەنامە دارایی یەکانی کۆمپانیا و لەسەر بنەمای ئەو زانیاری یانەی کەوا کۆمپانیا بە ژمێریاری یاسایی داوە، بە پێی بەڵگەنامەکان هەڵدەستێت بە دیاریکردنی پێگەی دارایی کۆمپانیا و دیاریکردنی ڕێژەی قازانج و زەرەرو ئامادەکردنی ڕاپۆرتی خۆی لەوبارەوەیەوە .

هەربۆیە ژمێریاری یاسایی بەرپرسیارێتی پیشەیی و شارستانی و سزایی دەکەوێتە ئەستۆ، لە کاتی پابەند نەبوونی بە بنەماکانی ڕەفتاری پیشەیی و پێوەرە ژمێریاری یە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان و یاسا بەرکارەکان، دەبێت قەرەبووی لایەنی زەرەرمەند بکاتەوە، وە ژمێریاری یاسایی سزا دەدرێت کاتێک کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کۆمپانیاکان خۆیان لە دانی باجی دەرامەتی سەپێندراو ڕزگار بکەن و خۆیان بدزنەوە لە باجدان.

ژمێریاری یاسایی ڕۆڵی گرنگ و کارا و سەرەکی هەیە لە نەهێشتنی خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باجدان لە ڕێگای چاودێری کردن و ووردبینی کردنی ژمێرەی کۆتایی کۆمپانیاکان و زانیاریە دارایی یەکان بە پێی پێوەرە ژمێریاری یە ناوخۆیی یەکان و پێوەرە ژمێریاری یە نێودەوڵەتیەکان و بە پێی یاسا بەرکارەکان .

خۆدزینەوە لە باجدان تاوانێکی ئابووری ترسناکە کاریگەری هەیە لەسەر دادپەروەری باجی و لایەنی کۆمەڵایەتی ژیانی هاوڵاتیان چونکە دەبێتە هۆی دروست کردنی بارگرانی لەسەر شانیان، وە متمانەیان بە ئامانجی باجی نامینێت و بەشدار نابن لە پڕکردنەوەی پێداویستی یە گشتی یەکان و پابەندی یاساکانی باج نابن.

ئەمەش بەهۆی بەربڵاوی تاوانی خۆدزینەوە لە باجدان وە هەروەها سووکی سزای خۆدزینەوە لە باجدان یاخود سزا نەدانی تاوانباران و هەوڵنەدان بۆ چارەسەری خۆدزینەوە لە باجدان، کە دواجار خۆدزینەوە لە باجدان هەموو باجدەران و هاوڵاتیان لە دانی باج و پابەند بوون بە یاساکانی باج دوور دەخاتەوە کەواتە ژمێریاری یاسایی بەرپرسیارێتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ و دووچاری سزادان دەبێتەوە بۆیە پێویستە سزا دەق لەسەر کراوەکانی، یاسا بەرکارەکان گونجاو بن لەگەڵ تاوانی خۆدزینەوە لەباجدان وە لەسەر دەسەڵاتی پەیوەندیداری باجی پێویستە بەدواداچوون و کاری زیاتر بکرێت بۆ رووبەرووبونەوەی دیاردەی خۆدزینەوە لە باجدان ئەمەش لە ڕێگای هەموارکردنەوەی یاساکان و دەرچوواندنی یاسای تایبەت بە باجی دەرامەت کە هاوتابێ لەگەڵ پێشکەوتنە ئابووری یەکان، وە هەروەها دامەزراندنی دادگای تایبەت بە باج و بەدواداچوون بۆ دیاردەی خۆدزینەوە لە باجدان لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتیەکانی باجی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری باجی بۆ ناساندنی فەلسەفەی بوونی باج وەک سەرچاوەک لە سەرچاوەکانی داهاتی دەوڵەت .

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 2، (2023)
أُستلم البحث في 12 يوليو 2022؛ قُبل في 5 سيتمبر 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 15 اغسطس 2023
حقوق الطبع والنشر © 2023 ايمان،د.كمال. هذه مقالة الوصول اليا مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

## 1. پێشەکی

چاودێری کردن یان پێداچوونەوەی دەرەکی (المراجعة الخارجية) بە گرنگترین لقەکانی ژمێریاری گشتی دادەنرێ و یەکەم خزمەتگوزاری یە کە لەلایەن ژمێریاری یاسایی یەوە پێشکەش کراوەو تاکو ئەمرۆش چالاکی سەرەکی یانە، ژمێریاری یاسایی کەسێکی سەربەخۆی بێ لایەنە کاری پێداچوونەوە و ووردبینی دەکات لەسەر زانیاری یە دارایی یەکانی کۆمپانیاکان، کە ژمێرەی کۆتایی کۆمپانیاکان ئامادە دەکات و دواتر راپۆرتی خۆی لەبارەیەوە پێشکەش دەکات ئەمەش بە پێی بنەما و پێوەرە ژمێریاری یە نێودەوڵەتیەکان (الشريف و بيت المال و احشاد، ب.س : 17)، چاودێری کردنی ژمێریاری بریتیە لە کرداری دڵنیابوونەوە لە ڕاست و دروستی زانیاریە داراییەکان و چاودێری کردن و ووردبینی کردن، چاودێری کردن لە زمانی عەرەبیدا واتە گەڕانەوە بۆ سەر سەرچاوەی سەرەکی و وەرگیراوە لە کاری گەڕانەوە، دەگەڕێتەوە، گەڕاوە، گەڕایەوە وگەڕایتەوە (حامد، 2017 : 16). وە هەروەها چاودێر کردنی ژمێریاری لە زمانەوانیدا واتە دووبارە دیراسە کردن و پێداچوونەوەی ڕاست و دروستی هەر کارێکی دارایی (العطار، 1969 : 7)، ژمێریاری یاسایی (محاسب القانوني) چەندین ناوی تری هاوشێوەی هەیە وەکو: (AUDITOR) واتە ووردبین (مدقق) یان پێداچوو (مراجع) یان پشکنەری ژمێریاری (فاحص الحسابات) یان چاودێری ژمێریاری (مراقب الحسابات) یاخود ژمێریاری گشتی ڕێپێدراو (محاسب العام مجاز) وە یان ژمێریاری تۆمارکەر (محاسب المسجل) کە مەبەست لە هەموو ئەو ناوانە ئەو کەسەیە کە بە کاری وردبینی کردنی لیستە داراییەکان هەڵدەستێت (الركابي ، 2009 : 15-16) . لە هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی پیشەی چاودێری ژمێریاری بۆ ساڵی (2000) دەگەڕێتەوە کەوا یاسای ژمارە (18) ی ساڵی (2000) یاسای (سەندیکای ژمێرکار و تەدقیقکارانی هەرێمی کوردستانی عێراق) دەرچووەو بە پێی ماددەی (دووەم) و ماددەی (سێیەم) ی ئەم یاسایەش، سەندیکای ژمێرکار و تەدقیقکارانی هەرێمی کوردستانی عێراق) دامەزراوە کە کەسایەتیەکی واتایی (معنوي) هەیە بۆ مەبەستی بەرز ڕاگرتنی پیشەی چاودێری کردنی ژمێریاری و بەرز کردنەوەی پلەی ڕۆشنبیری و پیشەیی ئەندامەکانی کۆشش دەکات. وە بە پێی ماددەی (پێنجەم) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١) ی ساڵی (2016) کۆمەڵەی زانستی ژمێرکارانی یاسایی هەرێمی کوردستان – عێراق)، لە ساڵی (2016) ، کۆمەڵەی زانستی ژمێرکارانی یاسایی هەرێمی کوردستانی عێراق دامەزراوە بە ئامانجی ئامادە کردنی پسپۆڕی باڵا لە کاری چاودێری کردن و ووردبینی ژمێریاری و ڕاهێنانیان و بەرەو پێش بردنی پیشەی چاودێری ژمێریاری ئەمەش دوای دەرکەوتنی کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان و پێشکەوتن و کرانەوەی کوردستان بە ڕووی ئابووریدا. وە بەپێی برگەی (دووەم) لە ماددەی (14) لە پەیڕەوی ژمارە (٣) ی ساڵی (2020) پەیڕەوی پیادە کردنی پیشەی چاودێری و ووردبینی ژمێریاری لە هەرێمی کوردستان – عێراق)، بۆ ئامادەکردن و شیاندنی ژمێرکارانی یاسایی (چاودێری ژمێریاری دەرەکی) وە بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەی ژمێرکارانی یاسایی (پەیمانگەی باڵای زانستە دارایی و ژمێرکاری یەکان) لە ساڵی (2019) لە هەرێمی کوردستان دامەزراوە .

### بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە:

**1- کێشەی توێژینەوە**

ژمێریاری یاسایی ئەرکی چاودێری کردن و ووردبینی کردنی لیستە دارایی یەکان و ژمێرەی کۆتایی کۆمپانیاکانە، تاکو باجی دەرامەتی سەپێندراوی کۆمپانیاکان لەسەر ڕاپۆرتی ژمێریاری یاسایی بخەمڵێنرێت، بۆیە پێویستە لەسەر ژمێریاری یاسایی کە پابەندی پێوەرە ژمێریارییە ناوخۆیی و پێوەرە ژمێریارییە نێودەوڵەتیەکان بێت بە پێچەوانەوە بەرپرسیار دەبێت و دەبێتە هۆکاری خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باجدان. لە هەرێمی کوردستاندا ژمێریارانی یاسایی پابەندی پێوەرە ژمێریارییە ناوخۆیی و پێوەرە ژمێریارییە نێودەوڵەتیەکان و یاسا و ڕێسا پەیوەندارەکانی باج و کاری ژمێریاری نین، بۆیە تاوانی خۆدزینەوە لە باجدان بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو، بڵاوبۆتەوە کە دیاردەیەکی ترسناکە و هەڕەشەیە بۆ سەر ئابووری هەرێمی کوردستان و داهاتی گشتی،وە کاریگەری ڕاستەخۆی هەیە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری هاوڵاتیان، بۆیە ئەم بابەتەمان هەڵبژاردووە بۆ مەبەستی توێژینەوە لە هۆکارەکان و هەروەها دیاری کردنی ڕێگا چارەسەری یەکانی خۆدزینەوە لە باجدان .

**2- پرسیارەکانی توێژینەوە:**

توێژەر کۆمەڵێك پرسیار دەورژێنێت بۆ ئەوەی لە توێژینەوەکەیدا بتوانێ وەڵامیان بداتەوە، گرنگترین پرسیارەکانیش ئەمانەن:

1-ژمێریاری یاسایی کێ یە ؟ ماف و ئەرکەکانی چین ؟

2- بەرپرسیاریەتیە یاساییەکانی ژمێریاری یاسایی چین؟

3-مەبەست چیە لەخۆدزینەوە لە باجدان، کۆمپانیاکان چۆن بەم کرداری خۆدزینەوەیە هەڵدەستن و ڕێگا چارەسەرەریەکانی چین؟

3 - **ئامانجەکانی توێژینەوە:**

ئامانجمان لەم توێژینەوەیە بریتی یە لە :-

1- شیکردنەوەی کاری ژمێریاری یاسایی، وە هەروەها سروشتی یاسایی پەیوەندی نێوان ژمێریاری یاسایی و کۆمپانیاکان بە پێی یاسای باجی دەرامەت و روون کردنەوەی ماف و ئەرکەکانی ژمێریاری یاسایی .

2- دیاریکردنی بەرپرسیاریەتی یاسایی ژمێریاری یاسایی لە بوارەکانی پیشەیی و شارستانی و سزایی و ڕۆڵی لە رووبەرووبونەوەی خۆدزینەوە لە باجدان .

3- شیکردنەوەی هۆکار و ڕێگاکانی خۆدزینەوە لە باجدان و ڕێگا چارەسەری یەکان بۆ رووبەرووبونەوەی تاوانی خۆدزینەوە لە باجدان .

4- **گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی توێژینەوەکەمان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەوا ژمێریاری یاسایی بەرپرسیارە بەرامبەر بە ڕاست و دروستی ئەو زانیاری و بەڵگەنامە دارایی یانەی کە لە لایەن کۆمپانیا کان و یەکە ئابووری یەکانەوە پێی دەدرێت، بۆ ووردبینی کردنی و پێشکەش کردنی راپۆرتی خۆر لەبارەوە تاکو دواتر لە لایەن دەسەڵاتی دارایی یەوە باجی لەسەر بخەملێنرێت، ئەمەش پەیوەندی ڕاستەخۆی هەیە بە بەرژەوەندی دارایی گشتی دەوڵەت و داهاتی گشتی . بۆیە کاتێک ژمێریاری یاسایی بە پێی پێوەرە ژمێریاری یەکانی کاری چاودێری کردن و بنەماکانی ڕەفتاری پیشەیی هەڵناستێت بە کاری چاودێری کردن و ووردبینی کردنی لیستە دارایی یەکان، دەبێتە هۆکاری خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان و یەکە ئابووری یەکان لە باجی دەرامەت، ئەمەش زیان بە دارایی گشتی دەوڵەت و هاوڵاتیان دەگەیەنێت و کاریگەری دەبێت لەسەر تەواوی ژیانی ئابووری هاوڵاتیان و حکومەت و لێپرسینەوەی یاسایی لەگەڵ دەکرێت .

### بەشی دووەم لایەنی تیۆری توێژینەوە:

### ناساندنی ژمێریاری یاسایی

### یەکەم : پێناسەی ژمێریاری یاسایی

ژمێریاری یاسایی، مەبەستمان لێی چاودێری ژمێریاری دەرەکی یە (مراقب الحسابات الخارجی)، جۆرێکە لە جۆرەکانی چاودێری ژمێریاری، یاساو ڕێساکان و پەیڕەوەکان بەتەواوەتی و بە ووردی پێناسەی ژمێریاری یاسایی یان نەکردووە تەنها باسیان لە دامەزراندنی و مەرجەکانی و ئەرک و مافەکانی کردووە، لە هەرێمی کوردستاندا لە برگەی (حەوتەم) لە ماددەی (یەکەم) ی پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی زانستی ژمێرکارانی یاسایی ژمارە (١) ی ساڵی (2016) دا هاتووە چاودێری ژمێریاری: ژمێرکاری یاسایی کە توانای چاودێری کردنی ژمێریارییان بە دەست هێناوە، وە هەروەها لە برگەی (دەیەم) ی ماددەی (یەکەم) پەیڕەوی پیادە کردنی پیشەی چاودێری ووردبینی و ژمێریاری ژمارە (٣) ی ساڵی (2020) دا هاتووە ژمێریاری یاسایی : ئەو کەسەی کە هەڵگری بڕوانامەی ژمێرکاری یاساییە و مۆڵەتدراوە بە پیادە کردنی پیشەی چاودێری و ووردبینی ژمێریاری بە پێی ئەم پەیڕەوە. بە هۆی نەبوونی پێناسەیەکی وورد و تەواوی ژمێریاری یاسایی لە یاسا و ڕێسا و پەیڕەوەکان، زانایانی یاسایی پێناسەی ژمێریاری یاسایی یان کردووە بەوەی کە بریتی یە لە : جۆرێکن لە ژمێریاران کە کاریان شیکردنەوە و چاودێری کردنی راپۆرتی دارایی یەکەیەکی ئابووری یە بۆ زانینی کە ئایا ئەو ڕاپۆرتانە تا چەند هاوتان لەگەڵ بنەما گشتی یەکان کە دەبێ لە کاتی ئامادە کردنیان ڕەچاو بکرێن.

وە هەروەها پێناسە کراوە بەوەی : لێژانی ژمێریاری سەربەخۆن، لە لایەن کۆمپانیاوە وەکو بریکاریان بەرامبەر وەرگرتنی ماندووبوونی خۆیان یان کرێ دەست نیشان دەکرێن بۆ پێداچوونەوەی ژمێرەی کۆتایی کۆمپانیا و چاودێری کردنی جێبەجێکردنی یاسا و ڕێساکانی پەیوەندیدار لە لایەن کۆمپانیا و پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی خۆی لە بارەیەوە (صالح و بايز، 2021: 184 – 185) . وە هەروەها ژمێریاری یاسایی دەبێت پەیڕەوی پێوەرەکانی ڕەفتاری پیشەیی بکات هەروەک لە لایەن کۆمەڵەی

ژمێریارانی ئەمریکی یەوە وەکو بەشێک لە ڕەوشتی ژمێریاری دیاریکراوە، بەوەی کە : کەسێکی سەربەخۆ بێ بابەتیانە کاری خۆی بکات دوور بێ لە هەموو کاریگەربوونێک، بە ئامانەتەوە بە پاکی کارەکانی خۆی جێ بەجێ بکا و هەموو پێداویستی یەکان و ڕێکارەکانی چاودێری کردن و ووردبینی کردنی ژمێریاری ئەنجام بدات لە کاتی چاودێری کردنی یەکەیەکی ئابووری، بە شێوەیەکی دادپەروەرانە خزمەتگوزاریە پیشەیی یەکەی خۆی پێشکەش بکات (جربوع،2014: 17) .

کەواتە دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی ژمێریاری یاسایی بکەین:- ئەو ژمێریارە یاسایی یە سەربەخۆیە کە بە پێی یاسا بەرکارەکان مۆڵەتدراوە بۆ کاری ووردبینی کردن و چاودێری کردنی زانیاری یە دارایی یەکانی کۆمپانیاکان، بۆ زانین و دڵنیابوونەوە لەوەی کەوا کارەکان و چالاکییەکانی ئەم یەکە ئابووری یە بە پێی یاسا و ڕێساکان و پەیڕەوە بەرکارەکانەوە بەڕێوە دەچێ یان نا وە بۆ دڵنیا بوونەوە لە ڕاستی و دروستی ژمارەو باری دارایی کۆمپانیاکان، کەوا باجی دەرامەتیان لەسەر سەپێنراوە و بە پێی یاسا دەبێت باج بە دەوڵەت بدەن، ئەمەش لە ڕێگای پیادە کرنی ڕێنمایی یەکانی تایبەت بە ڕەفتاری پیشەیی و ڕەوشتی پیشەکەی خۆی، ڕەچاو کردنی پێوەرە ژمێریاری یە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان وە پێشکەش کردنی ڕاو و بۆچوونی خۆی لەبارەیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ، لەرێگای پێشکەش کردنی راپۆرتی خۆیەوە، وە بە پێی یاسا ئەرک و مافەکانی ژمێریاری یاسایی دیاریکراوە وە هەروەها بەرپرسیاریەتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆی لە کاتی پیادە کردنی کارەکەی خۆی بە هۆی کەمتەرخەم بوونی یان پابەند نەبوونی .

**دووەم : سروشتی یاسایی پەیوەندی نێوان ژمێریاری یاسایی و کۆمپانیاکان**

چاودێری کردنی ژمێریاری یاخود وردبینی کردن لە لایەن ژمێریاری یاسایی گرنگی یەکی زۆر و تایبەتی هەیە چونکە هۆکارێکە لەم ڕێگەیەوە دڵنیا دەبینەوە لە ڕاستی زانیاری یە دارایی یەکانی کۆمپانیاکان کە باجی لەسەر دەسەپێندرێت و دەبێتە سەرچاوەیەک لە سەرچاوەکانی داهاتی دەوڵەت (نوري و جواد و خضر، 1985: 10). لەبارەی سروشتی پەیوەندی نێوان ژمێریاری یاسایی و کۆمپانیاکانەوە چەند بیردۆزێک هەیە :

**١- بیردۆزی گرێبەست (نظرية العقدية)**

لایەنگرانی ئەم بیردۆزە لە زانایان پێیان وایە کە پەیوەندی نێوان ژمێریاری یاسایی و کۆمپانیاکان کە هەڵدەستێ بە کاری چاودێری کردنی زانیاری یە دارایی یەکانیان و وردبینی دەکات لەسەر ڕاست و دروستی زانیاری یە دارایی یەکان و چالاکیە ئابووری یەکان و ژمێرەی کۆتایی (الميزانية) کۆمپانیاکان ئامادە دەکات وە دڵنیا دەبێتەوە لە سامانە هەبووەکان (الموجودات) هەروەها مافی خوێندنەوە (أطلاع) کردنی تیانووسە بازرگانیەکان و تۆمارەکانی کۆمپانیای هەیە و لە کاتی پێویستیش داوای ڕوون کردنەوە دەکات ئەمەش پەیوەندی یەکی گرێبەستی ئاسایی یە. گرێبەستێکە لە نێوان کۆمپانیا و ژمێریاری یاسایی کە کەسێکی سەربەخۆیە و بریکاری کۆمەڵێک پشکداری کۆمپانیایە، چونکە دەڵێن ژمێریاری یاسایی لە لایەن کۆمپانیاوە دادەنرێ بۆ کاری ووردبینی کردن لەبەرامبەر ماندووبوونی خۆی وە ئەم پەیوەندیە بە پێی بنەماکانی بریکارنامە (الوكالة) ڕێکدەخرێت کە هەردوو لایەن دەبێت پابەند بن بە ئەرکەکانی سەرشانیان بەرامبەر یەکتر(خلف، 2006: 56-63) .

**٢- بیردۆزی یاسایی یان ئەندامیەتی (نظرية القانونية أو العضوية)**

بە پێچەوانەی بیردۆزی گرێبەست، لایەنگرانی ئەم بیردۆزە، بیردۆزی یاسایی یان ئەندامیەتی پێیان وایە کە سروشتی پەیوەندی نێوان ژمێریاری یاسایی و کۆمپانیاکان بریتیە لە پەیوەندی ئەندامیەتی و ژمێریاری یاسایی بە ئەندامێک لە ئەندامەکانی کەسی واتایی (کۆمپانیاکان) دادەنرێت،کە لە لایەن کۆمپانیاوە دەست نیشان دەکرێ بۆ کاری پێداچوونەوە بە زانیاری یە دارایی یەکان و ناتوانێ بێ هۆکار لە کارەکەی دووری خاتەوە، ئەمەش بە یاسا ڕێکخراوە نەوەک گرێبەستێک هەبووبێ لە نێوان ژمێریاری یاسایی و کۆمپانیا چونکە کۆمپانیا کارێکی یاسایی ڕێکخراوە و بە یاساش ڕێکخراوە و مەرجەکانی دانانی ژمێریاری یاسایی بۆ کۆمپانیاکان بە پێی یاسا دیاریکراون وە ئەرک و مافەکانیشی دیاریکراوە کەواتە سروشتی ئەم پەیوەندی یە پەیوەندی یەکی یاسایی و ئەندامیەتیە لە کۆمپانیا.

**٣- بیردۆزی تێکەڵاو (نظرية المختلطة)**

بیردۆزی سێیەم کە بریتی یە لە بیردۆزی تێکەڵاو ئەم بیردۆزە تێکەڵەی هەردوو بیردۆزی گرێبەست و بیردۆزی یاسایی یە کە لایەنگرانیان پێیان وایە سروشتی پەیوەندی نێوان ژمێریاری یاسایی و کۆمپانیاکان هەردوو لایەنی گرێبەستی و یاسایی دەگرێتەوە، واتە نە بەتەواوەتی پەیوەندی یەکی گرێبەستیە نە پەیوەندی یەکی یاسایی یە چونکە کۆمپانیا لەسەر کۆمەڵە بنەمایەکی یاسایی دامەزراوە و لەهەمان کات دیاریکردنی ژمێریاری یاسایی وەک هەڵبژاردنی ئەندامێک لە ئەندامەکانی کۆمپانیا بە پێی یاسا، کە کۆمپانیا ژمێریاری یاسایی دەست نیشان دەکات و لەبەرامبەر ئەوە ژمێریاری یاسایی دەبێ قبووڵی بکات، لێرەشدا دەبێتە پەیوەندی یەکی گرێبەستی، کەواتە بە پێی ئەم بیردۆزە سروشتی پەیوەندی نێوان ژمێریاری یاسایی و کۆمپانیاکان سروشتێکی تێکەڵە لە هەردوو بیردۆزی گرێبەستی و بیردۆزی یاسایی (المجالي، 2016 : 16 - 18). وە بە پێی ماددەی (سەد و سی و حەوت) لە یاسای کۆمپانیاکانی ژمارە (21) ی ساڵی (1997)، یاسادانەری کوردستانی ژمێریاری یاسایی بە بریکاری کۆمپانیا داناوە لە کاری چاودێری کردنی زانیاریە دارایی یەکان.

کەواتە لە هەرێمی کوردستان لە سروشتی پەیوەندی نێوان ژمێریاری یاسایی و کۆمپانیاکان بە بیردۆزی گرێبەست وەرگیراوە، بەڵام ئێمە پشتگیری بیردۆزی تێکەڵاو دەکەین بە و پێیەی کە پەیوەندی یەکی یاسایی و گرێبەستیە، چونکە سروشتی پەیوەندی نێوان ژمێریاری یاسایی و کۆمپانیاکان بەتەواوەتی پەیوەندی یەکی گرێبەستی نیە لەبەر ئەوەی بە یاسا ڕێکخراوە، مەرجەکانی دەست نیشان کردنی چاودێری ژمێریاری یاسایی بۆ کۆمپانیاکان دانراوە وە ژمێریاری یاسایی ئەرک و مافەکانی بە یاسا بەرکارەکان دیاری کراوە سەرەڕای گرێبەست و ڕێکەوتنی نێوانیان .

**سێیەم : ماف و ئەرکەکانی ژمێریاری یاسایی**

**١- مافەکانی ژمێریاری یاسایی**

لە کاتی ئەنجام دانی کاری چاودێری کردن و ووردبینی کردنی زانیاری یە دارایی یەکان، ژمێریاری یاسایی کۆمەڵێک مافی دەبێت بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کارەکانی، ئەم مافانەش لە یاسا و ڕێسا و پەیرەوەکانە دیاریکراون بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین مافەکانی ژمێریاری یاسایی بەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:-

أ- ژمێریاری یاسایی مافی ئەوەی هەیە کە پشکنین و خوێندنەوە (حق الاطلاع) ی هەموو تیانووس و تۆمارەکان و بەڵگەنامەو دۆکۆمێنتەکانی ژمێریاری و نا ژمێریاری کۆمپانیاکان و یەکە ئابووری یەکان بکات لەکاتی چاودێری کردنی زانیاری یە دارایی یەکانی کۆمپانیا .

ب- مافی داواکردنی ڕوون کردنەوە و زانیاری یە (حق طلب البيانات و الإيضاحات) پێویستەکان، یەکێکی ترە لەو مافانەی کەوا ژمێریاری یاسایی هەیەتی لە کاتی پیادە کردنی ئەرکەکەی خۆی بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕاست و دروستی زانیاریەکانی و تەواو کەری مافی پشکنین و خوێندنەوەی هەموو تیانووس و تۆمار و بەڵگەنامەکانی ئەو یەکە ئابووری یە کە کاری چاودێری کردنی زانیاری یە دارایی یەکانی پێ سپێردراوە .

ج - وەکو لایەنێکی دەرەکی سەربەخۆ کە بێ لایەنانە کارەکانی خۆی دەکات، ژمێریاری یاسایی مافی داواکردن و بانگهێشت کردنی دەستەی گشتی کۆمپانیای هەیە بۆ کۆبوونەوەو گفتوگۆ کردن دەربارەی راپۆرتی خۆی یان هەر کارێک و بابەتێکی تری پێویست (توكل، 2013: 64- 66) .

**٢- ئەرکەکانی ژمێریاری یاسایی**

هەروەک کۆمەڵە مافێکی دیاریکراوی هەیە بە پێی یاسا، بە هەمان شێوە ژمێریاری یاسایی کۆمەڵێک ئەرک و پابەندیشی لەسەر شانە لە کاتی پیادە کردنی کارەکانی، بە شێوەیەکی گشتی ئەرکەکانی ژمێریاری یاسایی ئەمانەی خوارەوەن :-

١- پشکنین و خوێندنەوەی تیانووس و تۆمارەکان و بەڵگەنامەکان و ژمێرەی کۆتایی، لە لایەن ژمێریاری یاسایی یەوە تایبەت بە ئەم کۆمپانیایەی کەوا هەڵدەستێ بە کاری چاودێری کردن و ووردبینی کردنی زانیاری یە دارایی یەکانی وەک ئەوەی مافێکی ژمێریاری یاسایی یە، بەهەمان شێوە ئەرکێکە لە ئەرکەکانی بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕاست و دروستی زانیاریەکان بە پێی یاسا بەرکارەکانەوە (شفاعمري،2014: 35) .

٢- ئاشکرا کردنی هەرهەڵەیەک لە تیانووس و تۆمارەکان بەتایبەت ئەو هەڵانەی کە کاریگەریان دەبێ لەسەر ڕاست و دروستی ژمێرەی کۆتایی (ميزانية) ی کۆمپانیاکان، دڵنیابوونەوە لە سامانە هەبوەکان و سەروەت و سامانی کۆمپانیا.

3- ئەرکی ژمێریاری یاسایی یە ڕەچاوی سەلامەتی جێبەجێ کردنی یاسا و ڕێساو پەیڕەوە بەرکارە پەیوەندی دارەکان بکات، وە هەموو تواناو لێهاتووی و شارەزای خۆی بخاتە گەڕ و بە بەرپرسیاریەتیەوە کاری چاودێری کردن و ووردبینی کردنی خۆی بکا، ڕەچاوی ڕەفتار و بنەما پیشەیی یەکانی کاری چاودێری کردن بکات .

٤- پێشکەش کردنی راپۆرتی خۆی بە پێی پێوەرە ژمێریاری یەکان دوای ئەنجامدانی پێداچوونەوەو پشکنین و ووردبینی کردنی زانیاری یە دارایی یەکان کە تیایدا بارودۆخی ڕاستەقینەی دارایی کۆمپانیا و ژمێرەی کۆتایی کۆمپانیای تێدا روون بکاتەوە (فخرا، 2002: 66) .

٥- پاراستنی نهێنیی پیشەیی، ژمێریاری یاسایی لەکاتی پێداچوونەوە پشکنین و خوێندنەوە بۆ هەموو تیانووس و تۆمارەکان دەکات و هەموو نهێنی بازرگانی ئەو کۆمپانیایەی دەست دەکەوێت ، بۆیە پێویستە لەسەری پارێزگاری لەو نهێنیە پیشەیی یانە بکات و نەیان درکێنی (قاسم، 1991: 168) .

**بەشی سێیەم : یاسای باجی دەرامەت و خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باجی دەرامەت**

**یەکەم : پێناسەی یاسای باجی دەرامەت**

بۆ پێناسەی یاسای باجی دەرامەت دەبێ سەرەتا پێناسەی دەرامەت بکەین، وە دەرامەت پێناسە کردنی کارێکی ئاسان نیە چونکە لە ڕووی زمانەوانی و لە چەند بوارێکی وەک ئابووری و ژمێریاری و باجیەوە پێناسە کراوە، کەواتە بۆ گەیشتن بە پێناسە و مانای تەواوەتی دەبێ لە رووی زمانەوانی و هەر سێ بوارەوە پێناسەی  دەرامەت بکەین.

**١- پێناسەی دەرامەت .**

لە زمانەوانیدا دەرامەت پێناسە کراوە بەوەی بریتی یە لە : هەموو ئەو داهاتە مادیەی کە کەسێک لە کارەکەی یان سامانەکەی خۆی بەدەستی دەهێنێت (الزبيدي ،2015: 31)، وە هەروەها دەرامەت لە بواری ئابووری و ژمێریاری و باجیەوە پێناسەوە کراوە بەم شێوەی خوارەوە :-  لە لایەن زانایانی ئابووریناسەوە چەندین پێناسەی دەرامەت کراوە بە چەندین شێواز، هەندێک بەم جۆرە پێناسەی دەرامەتیان کردووە کەوا بریتیە لە : کەمترین دەستکەوتی کەسێک لەسەر بەکاربردنی کەل و پەل و خزمەتگوزاریەکانی لە ماوەیەکی دیاریکراو، بە جۆرێک ئەو کەسە لەسەرەتاوە لەسەر چ ڕێچکەیەک بوو هەروا بووبێ تاکو کۆتایی ئەو ماوەیە. وە هەندێکی تربەم شێوەیە پێناسەی دەرامەت دەکەن کەوا بریتیە لە: کۆی گشتی دەستکەوتی تاک لە خزمەتگوزاریە بەرهەمهێنەکان کە دەستی دەکەوێت جا بەخودی خۆی یان بەهۆی ڕەگەزەکانی تری بەرهەمهێنانەوە بێ لە ماوەیەکی دیاریکراودا، وە هەروەها دەرامەت لەرووی ئابووری یەوە پێناسە کراوە بەوەی بریتیە لە تەوژم ی پڕکردنەوەی بەکارهێنانەوە لەماوەیەکی دیاریکراودا (الزبيدي، 2015: 39-40) .

کەواتە دەتوانین لە ڕووی ئابووری یەوە بەم شێوەیە پێناسەی دەرامەت بکەین بەوەی کە :بریتیە لە دەستکەوتی تاک لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە دەستی دەکەوێت، لە خزمەتگوزاریە بەرهەمهێنەرەکان و ڕەگەزەکانی بەرهەم هێنان و کەل و پەل و خزمەتگوزاریەکانی و بەکارهێنانەکان، کە ئەو دەستکەوتەی لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی ئەو ماوە دیاریکراوە، وەکو خۆی بێ .

وە لە بواری ژمێریاری یەوە زیاتر گرنگی بە دەرامەتی پرۆژە دەدرێت وەک لە دەرامەتی کەسی تاکەکان، کۆمەڵەی ژمێریارانی ئەمریکی پێناسەی دەرامەتیان کردوە بەوەی کەوا بریتی یە لە: ئەو گۆڕانکاری یەی نقدی یەی کەوا روو دەدات لە کۆی گشتی بەرهەمەکان یان خزمەتگوزاریەکان، کە لە لایەن پرۆژەوە گواستراوەتەوە بۆ کڕێکارەکان (عملائە) لە ماوەیەکی دیاریکراودا. وە لە لایەن زانایانی ژمێریاریشەوە پێناسە کراوە بەوەی کە دەرامەت : ئەو زیادەیەیە کە لەسەر بنەماکانی فرۆشتن و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکانەوە بەرهەم دێن بۆ کڕێکارەکان (لعملائها) (الزبيدي، 2015: 36). کەواتە لە بواری ژمێریاری دا دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی دەرامەت بکەین بەوەی کە بریتی یە لە : ئەو زیادەیەی کڕێکارەکان (عملاء) دەستیان دەکەوێ لە داهاتی پرۆژەوە لە ئەنجامی قازانجی فرۆشتنی بەرهەمەکان و خزمەتگوزاریەکان .

وە هەروەها دەرامەت لە بواری باجی یەوە ش پێناسە کراوە، زانایان بۆ پێناسە کردن و دیاریکردنی مانای دەرامەت لە بواری باجی یەوە ڕاو بۆچونی جیاوازیان هەیە و لەم بارەیەوە دوو بیردۆزمان هەیە بیردۆزی سەرچاوە (المنبع) وە بیردۆزی دەوڵەمەندی (الاثراء او الزيادة) بۆ دیاری کردنی مانای دەرامەت لە بواری باجی، ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی کەوا ئەو سەروەت و سامانانەی کە باجدان نایان گرێتەوە و بەسەریاندا ناسەپێندرێن دیاری بکرێن، وە هەروەها خۆدزینەوە نەکرێت لەو سەروەت و سامانانەی کەوا باجدان دەیان گرێتەوەو بەسەریاندا دەسپێندرێت (سعيد، 2008 : 36) .

بە پێی بیردۆزی سەرچاوە (المنبع) ئەو دەرامەتەی کە باجی بەسەردا دەسەپێندرێت لەسەروەت و سامانی کەسەکان کە بە دەست هاتوون لە پارە و خزمەتگوزری و شتومەک پێویستە بەهایەکی نقدی هەبێت و بە پارە بخەملێندرێت، وە بەشێوەیەکی دووبارە و ڕێک و پێک ئەم سامانەی بەردەوام بێ و دووبارە بێتەوە،                         وە سەرچاوەی سامانەکەی دەبێت بمێنێتەوەو بەردەوام بێ بۆ ئەوەی باجی بەسەردا بسەپێندرێت و باج دان بیگرێتەوە (یاسین و درویش، 1996: 36-38). ئەمەش واتە ئەم بیردۆزە مانای دەرامەتی لەچوارچێوەی بنەماکانی : بەهایەکی نقدی و دووبارە بوونەوەی و بەردەوامی سەرچاوەی دەرامەتەکە بەرتەسک کردۆتەوە بۆ ئەوەی باجی بەسەردا بسەپێندرێ .

وە هەروەها بە پێی بیردۆزی دەوڵەمەندی یان زیادە (الاثراء او الزيادة) چوارچێوەی مانای دەرامەت فراوان کراوە وهەر زیادەیەک لەسەر سامانی کەسەکان جا چ کەسی سروشتی بێ یان کەسی واتایی لەماوەیەکی دیاریکراو بە دەرامەت دادەنرێ، واتە ئەو قازانجەی کە کەسەکان دەیکەین لە کۆتایی ساڵی دارایدا کە باری دارایی یان دەگۆرێت و لە بارودۆخێکی دارایی باشترن وەک لەسەرەتای ساڵی دارایی یەوە ئەمەش بەبێ گوێدانە سەرچاوەی داهاتی کەسەکە تاکو کەمترین خۆدزینەوە رووبدات لە باجدان  (حوسو ،2005 : 164).

کەواتە مانای دەرامەت لە بواری باجی یەوە برتیە لەوە قازانجەی کە کەسەکان لەماوەی ساڵێکی دارایی دا لەسەروەت و سامانەکانیان دەیکەن و باجی بەسەردا دەسەپێندرێت ، وە ئێمە پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەری باجی لە هەرێمی کوردستان کە لەکاتی سەپاندنی باجیدا ڕەچاوی بارودۆخی کەسەکان بکرێت بۆ دیاریکردنی مانای دەرامەت و سەپاندنی باجی ئەمەش بە ئامانجی بە دیهێنانی دادپەروەری باجی و هەوڵ نەدانی کەسەکان بۆ پەنا بردنە بەر خۆدزینەوەی باجی .

**٢- پێناسەی یاسای باجی دەرامەت .**

لە هەرێمی کوردستان دا بە پێی ماددەی (یەکەم) یاسای ژمارە (20) ی ساڵی (2011) (یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (١١٣) ی ساڵی (١٩٨٢) لە هەرێمی کوردستان-عێراق)، پێناسەی باجی کردووە بە باجی دەرامەتی سەپێندراو بە پێی ئەم یاسایە وە پێناسەی دەرامەتی کردووە : بریتی یە لە داهاتی ماوە (الصافي) یان پوختەی داهاتی باجدەر کە بەپێی سەرچاوە دیاریکراوەکانی ماددەی دووەمی ئەم یاسایە بەدەستی هێناون .

کەواتە یاسای باجی دەرامەت بریتی یە :- لەم یاسایەی کە هەڵدەستێت بە ڕێکخستن و دیاریکردنی ئەو داهات و دەرامەتانەی کەوا باجی لەسەر دەسەپێندرێت لەگەڵ دیاریکردنی ڕێگاکانی سەپاندن و ئەو کەسانەی کەوا باجیان لەسەر دەسەپێندرێت، بە ئامانجی بە دیهێنانی دادپەروەری باجی .

**دووەم : خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باجی دەرامەت**

دیاردەی خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باجدان، دیاردەیەکی نێودەوڵەتیە هەموو دەوڵەتانی جیهانی گرتۆتەوە بەبێ جیاوازی ئەوەی دەوڵەتێکی پێشکەووتوە یانە نا، کاریگەری کردۆتە سەر ئابووری و توانای دەوڵەتان کەم دەکاتەوە لە دابین کردنی پێداویستی یە گشتی یەکان و بەرەوپێش بردنی ئابووری و بۆتە هۆی پەککەوتنی ئابووری، ئەمەش بە هۆی ڕەچاو نەکردنی بارودۆخی باجدەران لەکاتی سەپاندنی باجی و بە هۆی هاوتا نەبوونی (مواكبه) یاساکان لەگەڵ پێشکەوتنەکان

**١- پێناسەی خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باجی دەرامەت .**

خۆدزینەوە لە باج دان وەکو هەموو چەمکەکانی تر لە ڕووی زمانەوانی و زاراوە (اصطلاحا) و یاسایی یەوە پێناسە کراوە .

**أ - پێناسەی خۆدزینەوە لە باجدان لە ڕووی زمانەوانیەوە**

خۆدزینەوە لە ڕووی زمانەوانیەوە سەرچاوەکەی کاری (دزی یەوە) یە، دەڵێن دزی یەوە، دەدزێتەوە، دزی یەوە واتە هەڵهات. واتە لە ڕووی زمانەوانیەوە خۆدزینەوە لە باجدان واتە هەڵهاتنە لەوەی کەوا ئەو باجەی کە لەسەر باجدەرە بیدات .

**ب – پێناسەی خۆدزینەوە لە باجدان لە ڕووی زاراوە (اصطلاحا)**

زانایانی دارایی بە چەندین شێوە پێناسەی خۆدزینەوە لە باج یان کردووە :

خۆدزینەوە بریتی یە لە هەڵهاتنی باجدەر لە باجدان بە شێوەیەکی کۆتایی یان هەڵهاتن لە دانی بەشێکی ئەو باجەی کە لە ئەستۆیەتی بەبێ ئەوەی ئەو ئەرکی باج دانەی بۆ کەسێکی تر بگوازێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کاریگەری دەبێ لەسەر داهاتی باجی دەوڵەت و دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی داهاتی باجی .

وە هەروەها پێناسەیان کردووە کەوا : بریتی یە لە پابەند نەبوونی باجدەر بە جێبەجێکردنی یاساکانی باج لە ڕێگای دانی ئەو باجەی کە بە پێی یاسا لەسەریەتی بیدات بە دەوڵەت (البياتي، 2012: 69-70) .

**ت- پێناسەی خۆدزینەوە لە باجدان لە ڕووی یاسایی یەوە**

لە هەرێمی کوردستان دا لە یاسای باجی دەرامەت یاسادانەر پێناسەی خۆدزینەوە لە باجدانی نەکردووە بۆ زانایان و توێژەرانی جێهێشتووە ئەمەش کەم و کوڕی یەکی یاسایی یە و پێشنیار دەکەین بۆ یاسا دانەری کوردستانی پێناسەیەکی وورد و تەواوی بابەتی خۆدزینەوە لە باجدان بکەن لە هەمواری یاساکانیان دا .

کەواتە ئێمە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەی خۆدزینەوە لە باجدان بکەین :

خۆدزینەوە لە باجدان بریتی یە لەو تاوانە ئابووری یەی کە کۆمپانیا بە ئەنقەست پێی هەڵدەستێت، و هەڵهاتنی باجدەرە لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە باجیەی کە بە پێی یاسا لەسەری سەپێندراوە بە هەر ڕێگایەک لە ڕێگاکانی خۆدزینەوە، یان هەوڵدان بۆ خۆدزینەوە لە باجدان یان هەر کەسێکی تر کە بە ئەنقەست بەشداری بکات لە خۆدزینەوەی باجدەر یان هاوکاری باجدەر بکات بۆ خۆدزینەوە یان هانی بدات و ببێتە هۆی ئەوەی کە هەر کەسێک خۆی بدزێتەوە لە باجدان .

بەم شێوەیە دەتوانین لە ڕێگای ئەم پێناسەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردووە هەموو ئەو کەسانە ڕووبەڕووی لێپرسینەوەو سزادان بکەینەوە کە بەشدار دەبن لە تاوانی خۆدزینەوە لە باجدان جا چ وەکو ئەوەی هاوکاری باجدەر بکات یان هانی بدات یان هاوبەشی بکات لەگەڵیدا .

**٢- هۆکار و ڕێگاکانی خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باجی دەرامەت**

**أ - هۆکارەکانی خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باجی دەرامەت .**

خۆدزینەوە لە باج دان چەندین هۆکاری هەیە، بەهۆی سروشتی مرۆڤەوەیە کە نایەوێت دەستبەرداری سەروەت و سامانەکەی بێ، بەهۆی لێکچوونی سیستەمە یاسایی یەکانی باجدانەوە هۆکارەکانی خۆدزینەوە لە باج دان لە لای هەموو نەتەوەو وڵاتانەوە هەمان هۆکارن، هۆکارەکانی خۆدزینەوە لە باج دان بریتین لە هۆکاری : یاسایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دارایی و ڕامیاری و کارگێری و ڕەوشتی و دەروونی .

**●هۆکارە یاسایی یەکان**

هۆکارە یاساییەکان یان هۆکارە پەیوەستەکان بە یاسادانانەوە هۆکارێکن لە هۆکارەکانی خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باجدان، بەبێ بوونی دەقی یاسایی، باج لەسەر هیچ کەسێک ناسەپێندرێت بۆیە کاتێک هۆکارێکی یاسایی بوونی دەبێت کاریگەری دەبێ لەسەر خۆدزینەوە لە باجدان و یان هاوکار دەبێ بۆ خۆدزینەوە لە باجدان، کە هۆکارە یاسایی یەکانیش بریتین لەم هۆکارانەی خوارەوە :

١- نارِوونی دەقە یاسایی یەکان : نارِوونی دەقە یاسایی یەکان و هەبوونی کەم و کوڕی لە دارِشتنی دەقە یاسایی یەکان و هەر کەم و کوڕی یەکی تر لە دەقە یاسایی یەکان و دارِشتنەکان دەبنە هۆکارێک تاکو لە ڕێگەیەوە باجدەر هەوڵ بدات خۆی لە باجدان بشارێتەوەو ئەم کەم و کوڕی یەی دەقە یاسایی یەکان بەهەڵە دەزانێت بۆ خۆدزینەوە لە باجدان .

٢- ناسەقامگیری یاسایی : یاسادانەری وڵاتان ئەگەر بێت و ساڵانە یان چەند ساڵ جارێک بەردەوام هەمواری یاساکانی باج بکاتەوە یان یاسا و ڕێنمایی نوێ بەردەوام دەربکات بۆ سەپاندنی باج، دەبێتە هۆی ناسەقامگیربوونی یاسایی لەم وڵاتە . کارگێری باج وە باجدەر هەوڵ دەدەن ئاشنای دەقە یاسایی یەکان بن، بەڵام ناسەقامگیری یاسایی ناهێڵێت ئەم ئاشنایی یە بە یاسا و ڕێنمایی یەکانی باج بەردەوام بێ بە هۆی هەموار کردنەکان و دەرکردنی یاسای نوێ، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ باجدەر تاکو سوودی لێ وەربگرێت و بەم بیانووە خۆی لە باجدان بشارێتەوە .

٣- سزا باجی یەکان : خۆدزینەوە لە باجدان تاوانە بەڵام ئەم سزایەی کەوا وڵاتان دیاری دەکەن بۆ تاوانی خۆدزینەوە هاوتا نیە لەگەڵ قەبارەی ئەم تاوانە و مەترسی ئەم تاوانە، بەڵکو سزایەکی سووکە و نابێتە هۆی ئەوەی کە لە داهاتوودا باجدەر یان کەسانی تر هەوڵی خۆدزینەوە نەدەن لە باجدان و بە پێچەوانەوە سووکی سزای تاوانی خۆدزینەوە لە باجدان هۆکارێکە لە هۆکارە یاسایی یەکان بۆ خۆدزینەوەی باجدەر لە باجی سەپێندراو .

٤- دوانەیی باج : مەبەست لە دوانەیی باج سەپاندنی باجە بەسەر کەسێک زیاتر لە جارێک، لەسەر هەمان سەروەت و سامانی و بۆ هەمان ساڵی دارایی . لێرەدا کۆمپانیا ئەم دوانەیی یەی سەپاندنی باج بە هۆکارێک دەزانێت تاکو خۆی لە باجدان بدزێتەوە .

٥- کارگێری باج : یاسای باج بە بێ بوونی کارگێری باج ئامانجی خۆی ناپێکێ و ناتوانێت باج لە کەسەکان وەربگیرێت، بۆیە نەبوونی کارگێری یەکی بەهێز و جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنمایی یەکانی یاسا باجی یەکان و بە بەرنامەی کارکردن بۆ کۆکردنەوەی باج دەبێتە هۆی خۆدزینەوەی کەسەکان لە باجدان (العتابي و العزاوي، 2018: 58 – 59) .

**●هۆکارە ئابووری یەکان**

گۆڕانکاری یە ئابووری یەکان لە دەوڵەتدا کاریگەری لەسەر تەواوی بوارەکانی ژیان لەم دەوڵەتەدا دروست دەکات و ئەم گۆڕانکاری و هۆکارە ئابووری یانە کاریگەری لەسەر سیستەمی باج یش دروست دەکەن و هۆکارێکن بۆ خۆدزینەوە لە باجدان .

بەرزبوونەوەو نزم بوونەوەی داهاتی تاکە کەسی کەسەکان بەهۆی هۆکارە ئابووری یەکان و گۆڕانکاری یە ئابووری یەکان دەبێتە هۆکار و بیانوێک کە باجدەر لەم ڕێگایەوە خۆی لە باجدان دەدزێتەوە .

**●هۆکارە کۆمەڵایەتی یەکان**

نەبوونی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیە سەرەکی یەکانی ژیان وەکو خوێندن و تەندروستی بۆ هاوڵاتیان و وە هەروەها نەبوونی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت بۆ خۆ دزینەوە لە باجدان چونکە باجدەر وا هەست دەکات کەوا ئەم باجەی بە دەوڵەتی دەدات لە ڕێگای خزمەتگوزاری یە گشتی یەکانەوە وەری ناگرێتەوەو ئەگەر باج بدات سامانەکەی بە هەدەر دەڕوات بۆیە هەوڵی خۆدزینەوە لە باجدان دەدات (صالح، 2019: 226) .

**●هۆکارە دارایی یەکان**

هۆکارە دارایی یەکانی کەوا کاریگەری یان هەیە لەسەر خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باجدان، بریتین لەم هۆکارانەی خوارەوە:-

١- بەرزبوونەوەی ڕێژەی باج : زیاد کردنی ڕێژەی باج دان لە ڕێژەیەکەوە بۆ ڕێژەیەکی ترو بەرزبوونەوەی دەبێتە هۆی زیاد کردنی قەبارەی باج لەسەر داهاتی کەسەکان و دووبارە بوونەوەی ئەم کارەش دەبێتە هۆی دروست کردنی بارگرانی باجی لەسەر باجدەران، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باجدان بۆ ئەوەی داهاتەکەی بەشی پێداویستی یەکانی ژیانی ئاسایی بکات .

٢- جۆراو جۆری باج : زۆر بوون و جۆراو جۆری باج هۆکارێکە تاکو باجدەر بە دوای ڕێگەیەکدا بگەڕێت بۆ خۆدزینەوە ی لە باج چونکە هەبوونی چەندین جۆری باج بارگرانی بۆ باجدەر دروست دەکات .

٣- میکانیزمی خەرجکردنی دەوڵەت : لەسەر دەوڵەت پێویستە خەرجیە گشتی یەکانی هاوڵاتیان دابین بکات بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، بەڵام کاتێک دەوڵەت بەم ئەرکەی خۆی هەڵناستێت و باجدەران تووشی تەنگەبەری ئابووری دەبن لە بە ڕێکردنی ژیانی ئاسایی یان بۆیە بەناچاری پەنا بۆ خۆدزینەوە لە باجدان دەبەن (الخفاجي و لطيف،2017: 214) .

**●هۆکارە ڕامیاری یەکان**

دەوڵەت بە سیفەتی دەسەڵات و سیادەی خۆی باج بەسەر هاوڵاتیان دەسەپێنێت تاکو لە ڕێگای باجدانەوە خزمەتگوزاری گشتی پێشکەش بە هاوڵاتیان بکات و وە هاوڵاتیان بەشدارن لە پڕکردنەوەی پێداویستی یە گشتی یەکان بە باجدان . بەڵام کاتێک کۆمپانیا باجی سەپێندراوی خۆی بە دەوڵەت دەدات و لەبەرامبەر ئەم باجدانەی سوود لە خزمەتگوزاریە گشتی یەکانەوە وەرناگرێت ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو بیرکردنەوەی لا دروست بێ کەوا سامانی بە فیرۆ چووە لە باجدان بۆیە دواتر هەوڵی خۆدزینەوە لە باجدان دەدات (خصاونه، 2010: 228 – 229) .

**●هۆکارە ڕەوشتی و دەرونی یەکان**

ئاستی ڕەوشتی و ڕێژەی هۆشیار بوونی تاکەکان و هەست کردنیان بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بەوەی کەوا پێویستە بەشدار بن لە پڕکردنەوەی پێداویستی یە گشی یەکانی کۆمەڵگا، وە هەست کردنیان بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی وایان لێدەکات کەوا ئەرکی باجدانی خۆیان بە تەواوەتی جێبەجێ بکەن .

بەڵام لە زۆربەی وڵاتان هاوڵاتیان هەست بەم بەرپرسیاریەتیە ناکەن و بەڵکو هەستێکی وای دەروونیان بۆ دروست بووە کە باجدان وەکو سزا و بارگرانی دارایی دەبینن بۆیە بەردەوام لە هەوڵی خۆدزینەوەن لە ئەم باجەی کەوا یاسا لەسەریانی سەپاندووە (نجيب ، 2018، 122) .

دوای باس کردنی هەر یەک لەم هۆکارانەی سەرەوە کەوا دەبنە هۆی خۆدزینەوە لە باجدان، بۆمان دەردەکەوێت کەوا مرۆڤ سروشتی وایە نایەوێت بێ بەرامبەر سەروەت و سامانی خۆی ببەخشێت بۆیە کاتێک ڕێژەی باجدان یاخود میکانیزمی دەوڵەت لە خەرجکردنەوەی باج و پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری یەکان لە ئاستی چاوەڕوانکراوی باجدەر نابن ئیدی هەموو ڕێگان و هۆکارەکانی فرت و فێڵ کردن و خۆ دزینەوە بە کاردێنێت بۆ ئەوە باجی سەپێندراو بە دەوڵەت نەدات، لێرەدا ڕۆڵی گرنگی هۆشیار کردنەوەی باجی بەدەر دەکەوێت لەوەی کەوا هاوڵاتیان کاتێک کەوا هۆشیارن بەرامبەر بە ئامانجەکانی باج و زانیاری یان هەیە لەسەر یاساکانی باج ئەو کات دەتوانرێت قەبارەی خۆدزینەوە لە باجدان کەم بکرێتەوە لە ڕێگای کەمکردنەوەی هۆکارەکانی خۆدزینەوە لە باجدان .

وە هەروەها کەمتەرخەمی لایەنی پەیوەندی دار لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی باجی بەوەی زانیاری تەواوەتی یان نیە لەسەر کارو چالاکی یەکانی باجدەران وە بەدواداچوون ناکەن بۆ هۆکار و ڕێگاکانی خۆدزینەوە لە باجدان بۆیە ئەم تاوان و دیاردەی خۆدزینەوە لە باجدان ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بوون دایە ئێمە پێشنیار دەکەین لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی باجی بەشی بەدواداچوون و ڕووبەڕو بونەوە و نەهێشتنی تایبەت بە تاوانی خۆدزینەوە لە باجدان هەبێ و بە ئامانجی چاودێری کردنی باجدەران و بەدواداچوون بێ بۆ ڕووبەرووبونەوەی خۆدزینەوە لە باجدان و ڕێگای چارەسەری و هەنگاوی کرداری بنێن بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە و هۆشیاری باجی بە هاوڵاتیان بگەیەنن وە لەکاتی سەرپێچی کردنی یاساکانی باج و پەنا بردنە بۆ خۆدزینەوە لە باجدان پێویستە دەسەڵاتی دارایی سەرپێچیکاران ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند بکات و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و دواتر سزا بدرێن، هەروەها ئێمە پێشنیاری دەرچواندنی (یاسای تاوانە ئابووری یەکان) دەکەین وە لەنێو ئەو تاوانانەشدا خۆدزینەوە لە باجدان وە هەروەها پێشنیاری دامەزراندنی دادگای لێکۆڵینەوەی باجی و دادگای بەرایی باجی و دادگای تێهەڵچوونەوەی تایبەت بە باج دەکەین لە هەرێمی کوردستان بە هەردوو جۆری داوا ی سزایی و بەرایی ئەمەش لە پێناو بەرژەوەندی باڵای ئابووری گشتی و یەکلایی بوونەوەی کێشەو بابەتەکانی تایبەت بە باج لەبەر ئەوەی گەڕانەوەی کێشەکانی تایبەت بە باج بۆ دادگاکانی لێکۆڵینەوەو کەتن و وەهەروەها تێهەڵچوونەوەی بریارەکان کاتێکی زۆر دەخایەنێت بەهۆی سەرقاڵی دادگاکان بە داوا و کێشەی تری خەڵکانەوە، وە هەروەها دامەزراندنی دادگای تایبەت بە باج و بەدواداچوونی دەسەڵاتی دارایی و بەرێوەبەرایەتیەکانی باجی دەبێتە هۆکارێک بۆ رووبەرووبونەوەو کەم کردنەوەی تاوانی خۆدزینەوە لە باجدان لە لایەن کۆمپانیاکانەوە .

**ب – ڕێگاکانی خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باجی دەرامەت .**

کۆمپانیا کاتێک لە هەوڵی خۆدزینەوە دایە لە ئەم باجەی کەوا لەسەری سەپێندراوە چەندین ڕێگا و شێواز بەکاردێنێت تاکو خۆی لە باجدان رزگار بکات و باج نەدات، بە شێوەیەکی گشتی کۆمپانیا بەم ڕێگا و شێوازانەی خوارەوە هەوڵی خۆدزینەوە لە باجدان دەدات :-

**●لە ڕێگای مامەڵە ژمێریاری یەکان**

بۆ خۆدزینەوە لە باج لە ڕێگای مامەڵە ژمێریاری یەکانەوە چەندین ڕێگا بەکاردەهێنرێت لە لایەن کۆمپانیاکانەوە وەکو ڕێگاکانی کەمکردنەوەی ڕێژەی داهات لەکاتی کاری چاودێری کردنی ژمێریاری بۆ داهاتی کۆمپانیاکان و وە کەمکردنەوەی قازانج بۆ ئەوەی ڕێژەی باج دانی کەم بکاتەوە .

**●لە ڕێگای کارە ماددی و یاسایی یەکانەوە**

لەم ڕێگایەشدا کۆمپانیا چەند ڕێگایەکی ناڕاستی دروستکراو بەکاردێنێت، وەکو دروست کردنی بارودۆخێکی یاسایی و ماددی و کارەکەی بە ڕاست بەدەر دەخات وەکو شاردنەوەی کاڵا و کەل و پەلەکانی کە باجیان لەسەر سەپێندراوە بۆ ئەوەی وا دەربخات کەوا هیچ کار و چالاکی یەکی ئەنجام نەداوە .

**●جێگۆڕکێ کردن بە پۆلینکردنە یاسایی یەکان**

لەم ڕێگەیەدا کۆمپانیاکان هەڵدەستن بە دەستکاری کردنی پۆلینکردنە یاسایی یەکان بۆ نموونە داهات و قازانجیان بە مووچەی کارمەندەکان دادەنێن و وەکو مووچە هەژماری دەکەن بۆ ئەوەی خۆیان لە باجدان بشارنەوە .

**●شاردنەوەی چالاکیە ئابووری یەکان**

واتە کۆمپانیاکان ئەو کارو چالاکی و بازرگانیانەی کەوا دەیکەین لە بەڕێوەبەراتی باجی دەشارنەوە و هیچ زانیاری یەکیان پێ نادەن و کۆمپانیاکان لە بەرێوەبەرایەتیەکانی باج خۆیان تۆمار ناکەن .

**● شاردنەوەی ژمارەکان**

کۆمپانیا لە ڕێگای شاردنەوەی ڕاستی و دروستی و ڕاستەقینەیی زانیاری و ژمارەکان هەوڵی خۆدزینەوە لە باجدان دەدات و ژمارەیەکی تر بۆ زانیاری یەکان بە بەڕیوەبەرایەتی باجدان دەدات لەبارەی قازانج و داهاتی بە ئامانجی خۆدزینەوەی لە باجدان و شاردنەوەی ژمارە ڕاستەقینەکان.

**●کەمکردنەوەی داهات و زیاد کردنی خەرجیەکان**

باوترین ڕێگایە کە کۆمپانیا بە کاری دێنێت بۆ خۆدزینەوە لە باجدان، کە داهات و قازانجی خۆی کەم دەکاتەوەو خەرجی یەکانی زیاد دەکات وە هەروەها نرخی کاڵا و خزمەتگوزاری یەکانیش کەمدەکرێنەوە تاکو خۆی لە باجدان بدزێتەوە (جبر و هادي، 2020: 31) .

**●خۆدزینەوە لە باج لە ڕێگای بازرگانی ئەلیکترۆنی یەوە**

بازرگانی ئەلیکترۆنی مامەڵەی ئەلکترۆنین کەوا لە یەک شوێن و کات و بە ئامادەکردنی کاڵاوە ئەنجام نادرێت، بەڵکو گرێبەستێکی ئەلیکترۆنیە لە سنورێکی دوور لە یەکتر ئەنجام دەدرێ و سنووری وڵاتان دەبڕێت، هۆکارێکی نوێ یە بۆ ساغ کردنەوەی کەل و پەل و مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی ئەلیکترۆنی .

بابەتی سەپاندنی باج بەسەر بازرگانی ئەلیکترۆنی بە هۆی ئاڵۆزی یەکەی و نەتوانینی سەپاندنی باج بەسەر بازرگانی ئەلیکترۆنی، دەبێتە ڕێگایەک لە ڕێگاکانی خۆدزینەوە لە باجدان (محمود،2012: 24 - 25).

**بەشی چوارەم : بەرپرسیارەتی یاسایی ژمێریاری یاسایی لە ڕووبەڕووبونەوەی خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باجدان و ڕێگا چارەسەریەکانی .**

**یەکەم : بەرپرسیارەتی ژمێریاری یاسایی .**

ژمێریاری یاسایی لە ژینگەی کارکردنی خۆی و چاودێریکردنی ژمێریاری کۆمپانیاکان، پێویستە خاوەنی توانای بەرزی پیشەیی بێت و کارامەیی و لێهاتوویی خۆی بەکاربێنێت بۆ بەجێهێنانی کارەکەی بە پلان و بەرنامە ئەرکەکەی خۆی بەجێبێنێ، وە هەروەها توانای خۆ گونجاندنی هەبێ و بە شێوازێکی پیشەیی ڕەفتار لەگەڵ خاوەن کۆمپانیاکان و هەر لایەنێکی تر پەیوەندیدار بە کارەکەی بکات (أبوغيدا،2014 : 15)، بە پێچەوانەوە لە کاتی ئەنجام نەدانی کارەکەی خۆی بە کارامەیی و لێهاتوویی وپابەنەد نەبوونی بە یاساکان و پێڕەوەکانی کارکردنی ئەوا ژمێریاری یاسایی ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبێتەوەو بەرپرسیارەتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆی (النواس، 2009: 7) . بەرپرسیارەتی لە ڕووی زمانەوانی یەوە پێناسە کراوە کە بریتی یە لە بارودۆخ یان تایبەتمەندی یەک، کە کەسێک لێپرسینەوەی لەبارەوە لێ دەکرێت وەک دەڵێن ئەو بێ تاوانە لە فلان بەرپرسیارەتی. وە بە شێوەیەکی گشتی بەرپرسیارەتی ئەو بارودۆخەیە، کە کەسێک لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت لەسەر ئەو کارەی کە کردوویەتی، ئەم کارەشی پێشێل کردنی بنەمایەکە جا چ ئەم بنەمایە بنەمای یاسایی بێ یان ڕەوشتی یان بنەمای ڕێکەوتن بێ (الرشيد، 2013، 31) .

**١- بەرپرسیارەتی پیشەیی ژمێریاری یاسایی**

ژمێریاری یاسایی پابەندە بە پێوەرە ژمێریاری یە نێوخۆیی یەکان و پێوەرە ژمێریاری یە نێودەوڵەتیەکان و بنەما ڕەوشتی یەکانی پیشەی چاودێری ژمێریاری لە نێو خۆیی وڵات و هەروەها بنەما ڕەوشتی یەکانی پیشەیی نێودەوڵەتی، کە ماف و ئەرک بۆ ژمێریاری یاسایی دروست دەکەن. بۆیە پێویستە لەسەر ژمێریاری یاسایی پابەندی یاسا و ڕێسا و پێڕەو و بنەما و پێوەرەکانی کارکردنی خۆی بێت و ئەرک و مافەکانی خۆی جێ بەجێ بکات و پارێزگاری لە شکۆی پیشەکەی خۆی بکات، تاکو بتوانێت لە ڕێکخراو و دەزگا ژمێریاری یە نێودەوڵەتیەکان خۆی تۆمار بکات و ببێت بە ئەندام. و هەروەها خۆی لە بەرپرسیار بوونی یاسایی بە دوور بگرێت وە ڕێز لە خاوەن کارەکان و هاوپیشەکانی خۆی بگرێت،چونکە ژمێریاری یاسایی شوێنێکی گەورەی هەیە لە کۆمەڵگادا وە هەر سزادانێکی و بەرپرسیار بوونێکی وەکو ئاگادار کردنەوەی یان هۆشدار پێدانی یان سڕکردنی ئەمانە دەبنە هۆکاری ئەوەی کەوا لە نێوخۆیی وڵات دوچاری لێپرسینەوەی پیشەیی ببێتەوە وە هەروەها لە چوارچێوەی نێودەوڵەتی ناتوانێت لە ڕێکخراو و دەزگا ژمێریاری یەکانەوە ببێت بە ئەندام بەهۆی ئەوەی سەرپێچی پیشەیی کردووە و بە پێی یاسا سزای پیشەیی دراوە (دحدوح و القاضي،2012: 187) .

کەواتە بەرپرسیارەتی پیشەیی بریتی یە لە : جۆرێکە لە جۆرەکانی بەرپرسیارەتی یاسایی، کە دەکەوێتە ئەستۆی ژمێریاری یاسایی بەهۆی پێشێلکردنی ئەرکەکانی پیشەیی و پابەند نەبوونی بە یاسا و ڕێسا و پێڕەوەکانی کارکردنی و لە ئەنجام دا دوچاری سزایی پیشەیی دەکاتەوە .

- **بەرپرسیارەتی پیشەیی ژمێریاری یاسایی لە هەرێمی کوردستان**

وە هەروەها لە هەرێمی کوردستان بە پێی مادده (13) لە پەیڕەوی پیادەکردنی پیشەی چاودێری و ووردبینی ژمێریاری لە هەرێمی کوردستان – عێراق، پێویستە لەسەر ژمێریاری یاسایی پابەند بێت بە ڕێساکانی ڕەفتاری پیشەیی عێراقی و ستانداردەکانی بەجێگەیاندن ئەوانەی ئەنجومەن لە ڕێکخستنی پیشە پەیڕەویان دەکات وە پابەند بێت بە ستانداردەکانی چاودێری پەیڕەو کراو لە عێراق .وە بە پێی ماددەی (19) ژمێریاری یاسایی لەم حاڵەتانەی خوارەوە دووچاری لێپرسینەوە دەبێ :-

یەکەم : سەرپێچیکردنی حوکمەکانی ئەم پێڕەوە .

دووەم : سەرپێچی کردنی ڕێساکانی ڕەفتاری پیشەیی .

سێیەم : ڕەتکردنەوەی لایەنە سوودمەندەکان و پەیوەندیدارەکان بۆ ژمارەیەک لەو ژمێرارییانەی لە لای ئەوەو لە ماوەی یەکساڵدا ووردبینیکراون بە پێی ئەو ڕێکسازییەی ئەنجومەن دیاری دەکات .

وە بە پێی ماددەی (20) بڕگەی (هەشتەم) لیژنەی بەرزەفتەکردن بۆی هەیە یەکێک لەم سزایانەی خوارەوە بەسەر کەسی سەرپێچیکار بسەپێنێت:

١- ئاگادار کردنەوە کە بە نووسراوێک دەبێت لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەن تیایدا هۆیەکانی سزاکە لەخۆ دەگرێت و ئاڕاستە کردنی بە دووبارە نەکردنەوە ئەو سەرپێچیەی خراوەتەپاڵی بە پێچەوانەوە سزای دیکەی بەرزەفتەکردن دەرهەق پەیڕەو دەکرێت .

٢- بێبەریکردن لە پیادە کردنی پیشە بۆ ماوەیەک لە (6) شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە (3) ساڵ زیاتر نەبێت .

٣- هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت و سڕینەوەی ناوی کەسی سەرپێچیکار .

بەڵام بە پێی ئەم بەدواداچوون و پرسیارکردنەی ئێمە کردوومانە تاکو ئێستاکە سەندیکای ژمێریاران و ووردبینانی کوردستان لە بابەتی ژمێرەی کۆتایی کۆمپانیاکان و خۆدزینەوە لە باجدان و لە بابەتی بەرپرسیارەتی پیشەیی ژمێریارانی یاسایی هیچ ئەندامێک و ژمێریارێکی یاسایی سزا نەداوە بەڵکو لەبری ئەوە کاتێک ژمێریاری یاسایی سەرپێچی یەک دەکات و پێچەوانەی بنەما و پێوەرە ژمێریاریەکان دەکات خاڵی کارکردنی لێ کەم دەبێتەوە کە ئەم خاڵانەی کە هەیەتی کاریگەری هەیە لەسەر کارکردنی و زۆر جار ژمێریارێکی یاسایی خاڵەکانی وا کەم دەبێتەوە ناتوانێ ووربینی و پێداچوونەوە بکات بە ژمێرەی کۆتایی کۆمپانیاکان (يابە، 2022)، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەم ڕێچکە و بۆچوونە نین چونکە پێویستە یاساکان وکو خۆی جێ بەجێ بکرێت و لە ڕووی پیشەیی یەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت و سزا بدرێن لەبەر پێگەی هەستیاری کارکردنی ژمێریارانی یاسایی .

**٢- پێناسەی بەرپرسیارەتی شارستانی**

ژمێریاری یاسایی لە پەیوەندی گرێبەستی نێوانی لەگەڵ کۆمپانیاکان و یەکە ئابووری یەکاندا پێویستە پابەندی بنەماکانی گرێبەست بێت و تەواوی بنەماکان جێ بەجێ بکات، وە هەروەها پێویستە هەموو هەوڵی خۆی بدات لەکاتی ئەنجام دانی کاری چاودێری کردنی لیستە دارایی یەکان و کارکردنی بە پێی پێوەرە گشتی یەکانی ژمێریاری بێت و زەرەر بە کۆمپانیاکان نەگەیەنێ (الصبان و علي،2002: 125).

جا ئەم زەرەرەی بە یەکە ئابووری یەکە گەیاندبێ یان کەسی سێیەم، کە ئەمەش خۆی لە سەرپێچی کردن بە مەرجەکانی گرێبەست دەبینێتەوە کە لە گرێبەستەکەدا ئاماژەی پێکرابێ بە ڕوونی یان بە ناڕوونی لێرەشدا سەرچاوەی بەرپرسیارەتەکەی دەبێتە بەرپرسیارەتی گرێبەستی، وە هەروەها لەبەرامبەر کەسی سێیەم بەپێی بنەما گشتی یەکانی یاسا بەرپرسیار دەبێت بەرپرسیارەتیەکی شارستانی (سواد، 2009: 146) .

مەبەست لە بەرپرسیارەتی شارستانی بە شێوەیەکی گشتی بریتیە لە پابەند نەبوون بە ئەرکێکی پێداویستی ئەدەبی یان ڕەوشتی یان سروشتی لە پێداویستیە شارستانی یەکان کە زیان بە بەرژەوەندی یەکی دارایی بگەیەنێت یان بە کارێک یان نەکردنی کارێکی دیاریکراو، ئەگەر نا پێویستە قەرەبووی ئەو زەرەرانە بکاتەوە کە بە کەسێکی تری گەیاندووە بە کارێکی خۆی یان بە کاری ئەو کەسانەی کەوا سەر بە ئەون، یان بەهۆی ئەو کەل و پەلانەی کە لەژێر پاسەوانی ئەون یان ئاژەڵە تایبەتەکانی یان لە ئەنجامی جێبەجێ نەکردنی ئەرکێک لە ئەرکە گرێبەستیەکانی کە ئەمانە بەرپرسیارەتی شارستانین .

واتە بەرپرسیارەتی شارستانی یان بەرپرسیارەتیەکی گرێبەستیە (المسؤولية العقدية) لە ئەنجامی جێبەجێ نەکردنی بنەماکان و مەرجەکانی گرێبەست، یان بەرپرسیارەتیەکە بەرپرسیارەتیەکی کەمتەرخەمیە (المسؤولية التقصيرية) کە لە ئەنجامی کردارێکی هەڵە زەرەر بە کەسێکی تر دەگەیەنێ کە ئەم زەرەر گەیاندنە پەیوەندی بە کردارە هەڵەکە هەیە و لە ئەنجامی کردارە هەڵەکە ڕوویداوە (العوجي،2004: 9- 10).

ژمێریاری یاسایی ڕووبەروی بەرپرسیارەتی شارستانی دەبێتەوە لە ئەنجامی پیادەکردنی کاری چاودێری ژمێریاری، پایەکانی بەرپرسیارەتی شارستانی بە هەردوو جۆری بەرپرسیارەتی گرێبەستی (المسؤولية العقدية) و بەرپرسیارەتی کەمتەرخەمی (المسؤولية التقصيرية) سێ پایەن

ئەویش کارێکی هەڵە و بوونی زەرەر و پەیوەندی هۆکاری نێوان کارە هەڵەکە و زەرەرەکە (عبدالله، 2012: 123) .

کەواتە ژمێریاری یاسایی لە ڕووی شارستانیەوە بەپرسیار دەبێت بە بەرپرسیاریەتیەکی گرێبەستی یان بە بەرپرسیاریەتیەکی کەمتەرخەمی .

وە بەرپرسیاریەتی گرێبەستی بریتیە لەوەی کە ژمێریاری یاسایی هەڵدەستێت بە جێبەجێ نەکردن و سەرپێچی کردنی بنەمایەک لە بنەماکانی گرێبەست، کە ژمێریاری یاسایی و کۆمپانیا ڕێکەوتوون لەسەر جێبەجێ کردنی وەک خاڵێک لە خاڵەکانی گرێبەستی نێوانیان و دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە کۆمپانیا پێویستە ژمێریاری یاسایی قەرەبووی بکاتەوە بەپێی یاسا .

هەروەها بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی بریتیە لە کردنی کارێکی هەڵە لە لایەن ژمێریاری یاسایی کە زیان بە کۆمپانیا یان کەسێکی تردەگەیەنێت بە هۆی ئەو کارە هەڵەیەوە کە ئەنجامی داوە، پێویستە قەرەبووی بکاتەوە بە پێی یاسا .

بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی ژمێریاری یاسایی بە بەرپرسیاریەتیەکی گرێبەستی دابنرێت پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە هەبن، ئەگەر نا بەرپرسیاریەتیەکە دەبێتە بەرپرسیاریەتیەکی کەمتەرخەمی، ئەوانیش :-

١- هەبوونی گرێبەستێکی ڕاست و دروست لە نێوان ژمێریاری یاسایی و کۆمپانیا .

٢- ئەو زەرەرەی کە دروست بووەو بە کۆمپانیا گەیشتووە، پێویستە لە ئەنجامی ئەوە بێت کەوا ژمێریاری یاسایی سەرپێچی بنەماکانی گرێبەستی نێوان خۆی و کۆمپانیای کردوە و بنەماکانی گرێبەستی جێبەجێ نەکردووە و زیانی بە کۆمپانیا گەیاندووە بۆ نموونە لەکاتی خۆی ووردبینی کردن و پێداچوونەوەی ژمێرەی کۆتایی کۆمپانیای تەواو نەکردووە .

٣- بەرپرسیاریەتی گرێبەستی تەنها لە نێوان کۆمپانیا و ژمێریاری یاسایی دروست دەبێت نەک هیچ کەسێکی تر چونکە گرێبەست لە نێوانیان هەیە (أمین،2015: 29) .

**●بەرپرسیاریەتی شارستانی ژمێریاری یاسایی لە هەرێمی کوردستان**

لە هەرێمی کوردستان دا لە ماددەی (سەد و سی و حەوت) لە یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (21) ی ساڵی (1997) ی هەموار کراو سروشتی پەیوەندی نێوان ژمێریاری یاسایی و کۆمپانیا پەیوەندی یەکی گرێبەستی یە هەروەک لە مادەکەدا هاتووە (چاودێری ژمێردە پرسیاری لێدەکرێت لەبارەی دروستی زانیاریەکانی هاتوو لە ڕاپۆرتەکەی بە خسڵەتی بریکاری لە بڕی کۆمپانیاکە لە چاودێری و ووردبینی کردنی ژمێردەکانی.) .

بە پێی خاڵی (2) لە ماددەی (934) لە یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (40) ی ساڵی (1951) ی هەموار کراو لەسەر ژمێریاری یاسایی کۆمپانیا پێویستە لەکاتی پیادە کردنی کارەکەی ئاگاداری جێبەجێکردنی ئەرکەکەی خۆی بێ وەکو ئاگادار بوونی کەسێکی ئاسایی بۆ کارەکانی، ژمێریاری یاسایی لە هەرێمی کوردستان پابەندە بە ئاگادار بوونی کارەکەی وەکو ئاگاداری کەسێکی ئاسایی و نابێت هیچ هەڵە و کەمتەرخەمیەک بنوێنێت لە ئەرکەکەیدا .

وە هەروەها بە پێی بڕگەی (چوارەم) لە ماددەی (19) لە پەیرەوی پیادە کردنی پیشەی چاودێری و ووردبینی ژمێریاری لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (3) ی ساڵی (2020)، ژمێریاری یاسایی لە ڕووی شارستانیەوە بەرپرسیار دەبێت و لێپرسینەوەی شارستانی لەگەڵ دەکرێت و لێبووردنی بۆ ناکرێت لە کاتی هەڵسانی بە شاردنەوەی زانیاری دارایی لە دەسەڵاتی دارایی. کەواتە بەهەمان شێوەی بەرپرسیاریەتی پیشەیی، ژمێریاری یاسایی کاتێک پابەندی پێوەرە ژمێریاریەکان نابێت و بەهۆی کەمتەرخەمیەوە یاخود بەهۆی پابەند نەبوونی بە بنەماکانی گرێبەستی نێوان خۆی و کۆمپانیا زەرەر لە کۆمپانیا دەدات دووچاری بەرپرسیاریەتی شارستانی دەبێتەوەو پێویستە لەسەری قەرەبووی ئەو کەس و لایەنە بکاتەوە کەوا زەرەرو زیانی پێگەیاندووە .

**٣- پێناسەی بەرپرسیاریەتی سزایی چاودێری ژمێریاری یاسایی**

بەرپرسیاریەتی سزایی پێناسە کراوە کە بریتی یە لە : مافی دەوڵەت بۆ سزادانی بکەری تاوانی سزایی، کە ئەحکامەکانی سزادانی لەسەر جێبەجێ دەکرێت و بەرپرسیاریەتی سزایی دەکەوێتە ئەستۆ چونکە بە ویست و هۆشی خۆی کارێکی پێچەوانەی یاسای ئەنجام داوەو لە باری ژیری و هۆشی تەواوەتی دابووە هیچ بەربەستێک لە بەربەستەکانی بەرپرسیاریەتی نەبووە و بە ویست و ئیرادەی خۆی ئەم تاوانەی ئەنجام داوە (عباس، 2021: 23)، بەرپرسیاریەتی سزایی ژمێریاری یاسایی لە ئەنجامی کارێکی تاوانی دروست دەبێت کە پێی هەڵدەستێت لە کاتی پیادە کردنی ئەرکەکەی کە بەو هۆیە زەرەر بە کۆمەڵگا دەگەیەنێ وەک ئەوەی ژمێریاری یاسایی ئاگادارە کەوا کۆمپانیا کاری ساختەکاری ژمێریاری ئەنجام داوە وە زانیاری و بەڵگەنامەی ناڕاستی پێشکەش کردووە و پێچەوانەی پێوەرە ژمێریاری یە زانراوەکانە بە ئامانجی خۆدزینەوەی لە باجدان، لێرەدا کاتێک ژمێریاری یاسایی بێ دەنگ دەبێت ئەوا دووچاری بەر پرسیاریەتی یاسایی دەبێتەوە، بۆ ئەوەی لێپرسینەوەشی لەگەڵ بکرێت دەبێت هەر یەک لە پایەکانی بەرپرسیاریەتی سزایی لە پایەی ماددی بەوەی کارێکی تاوانی ئەنجام دابێت، وە پایەی معنوی واتە بە بە ویست و ئیرادەی خۆی ئەو کارەی کردبێ وە هەروەها پایەی یاسایی بەوەی ئەو کارەی کە ئەنجامی داوە بە پێی دەقی یاسایی بە تاوان دانرابێت (مرعي، 2011: 41 - 42) .

ژمێریاری یاسایی بەرامبەر ئەو کۆمپانیایەی کە چاودێری ژمێریاری لیستە دارایی یەکانی بۆ ئەنجام دەدات بەر پرسیاریەتی سزایی دەکەوێتە ئەستۆ ئەگەر هات و هەڵبستێت بە پێشکەش کردنی ڕاپۆرت و زانیاری دارایی پێچەوانەی ئەو زانیاری یانەی کەوا کۆمپانیا پێی داوە، یان ژمێرەی کۆتایی کۆمپانیا یان هەر زانیاری یەکی تری کۆمپانیا لە قازانج و زەرەر ڕێکبخات بەڵام بە پێچەوانەوە و پێچەوانەی ڕاستی یەکان بێت (الحموي و عودة و صالح، 2004: 110) .

کەواتە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەی بەرپرسیاریەتی سزایی ژمێریاری یاسایی بکەین:

بریتی یە لە ئەم بەرپرسیاریەتیە یاسایی یەی کە دەکەوێتە ئەستۆی ژمێریاری یاسایی بەهۆی پێشێلکردن و پێچەوانە کردنی بنەما یاسایی یەکان ئەمەش لە ڕێگای بێدەنگ بوون و شاردنەوەی بوونی کاری ساختەکاری و خۆدزینەوە لە باج و هەر کارێکی تری نا یاسایی کە کۆمپانیاکان ئەنجامی دەدەن یان خۆی هەڵدەستێ بە پێشکەش کردنی زانیاری و ڕاپۆرت و ژمێرەی کۆتایی کۆمپانیاکان بە پێچەوانەی ڕاستی یان هاوبەش بوونی لە هەر یەکێک لە کارانە یان هاندانی بۆ ئەنجام دانی هەر یەک لەم کارانە، یان هەر کارێکی تری پێچەوانەی یاسا کە زیان بە سامان و دارایی گشتی و بەرژەوەندی ئابووری گشتی بگەیەنێت، وە دووچاری سزایی یاسایی دەبێتەوە و سزا دەدرێ بە پێی یاسا بەرکارە پەیوەندی دارەکان .

**●بەرپرسیاریەتی سزایی ژمێریاری یاسایی لە هەرێمی کوردستان**

بە پێی ماددەی (پەنجا و حەوتەم) لە یاسای باجی دەرامەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (20) ی ساڵی (2011) (یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (١١٣) ی ساڵی (١٩٨٢)، دەتوانین لە ناوەڕۆکی ماددەکەوە ئاماژە بە بەرپرسیاریەتی سزایی ژمێریاری یاسایی بدەین بەوەی، ژمێریاری یاسایی دووچاری بەر پرسیاریەتی سزایی دەبێتەوە وە سزا دەدرێت بە حەپسکردن ماوەیەک زیاتر نەبێ لە یەک ساڵ، لەکاتی هەڵسانی بە پێشکەش کردنی زانیاری و ڕاپۆرت و ژمێرەی کۆتایی نادروست، یان شاردنەوەی زانیاری کە پێویستە لەسەری ڕوونی بکاتەوە، یان هاوکارو هاندانی ئەم کارانەبێت، چونکە بە هەمان شێوەی یاسای باجی دەرامەتی عێراقی بە ڕوونی ئاماژەی بە بەر پرسیاریەتی سزایی ژمێریاری یاسایی نەکردووە .

وە هەروەها لە یاسای کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (21) ی ساڵی (1997) ی هەوار کراو بە هەمان شێوە باسی لە بەرپرسیاریەتی سزایی ژمێریاری یاسایی نەکردووە ئەمەش دووبارە بۆشایی یەکی یاسایی یە و پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەر لە هەمووارەکانی ئەم یاسایە بەرپرسیاریەتی سزایی و سزای یاسایی بۆ ژمێریاری یاسایی دیاری بکات لە کاتی پێچەوانەکردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە. وە هەروەها بە پێی بڕگەی (چوارەم) لە ماددەی (19) لە پەیرەوی پیادە کردنی پیشەی چاودێری و ووردبینی ژمێریاری لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (3) ی ساڵی (2020)، ژمێریاری یاسایی دووچاری بەرپرسیاریەتی سزایی دەبێتەوە لە ئەنجامی شاردنەوەی زانیاری دارایی لە دەسەڵاتی دارایی کە ببێتە هۆی خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باجدان. لە هەرێمی کوردستان دا بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان هەڵدەستێت بە جوولاندنی سکاڵای سزایی لە دژی ئەو کەسانەی

کەوا پێچەوانەی ماددەکانی (57 و 58) ی یاسای باجی دەرامەت دەکەن و هەوڵی خۆدزینەوە لە باجدان دەدەن، کە لە ساڵی (2021) وە تاوەکو ئێستاکە (20) سکاڵای سزایی لەسەر کۆمپانیاکان تۆمارکراون، لەم ژمارەیەدا (13) سکاڵا تاوەکو ئێستا لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدایە وە هەروەها (6) سکاڵا ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند کراوە دوای دادگایی کردنیان و گەڕاندنەوەی باج و دانی پێبژاردن. وە هەروەها کۆمپانیایەک سزا دراوە ، هەروەها زۆر جار کۆمپانیایەک هەوڵی خۆدزینەوە لە باجدان دەدات بەڵام دواتر ئامادەیە سزای تاوانەکەی بدات بەوەی سێ جار زیاتر لە نرخ و بڕی باجی سەپێنراو بدات و (تسويه صلح) لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان دەکات و دۆسیەکەی نانێردرێت بۆ دادگا ئەمەش پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (59) لە یاسای باجی دەرامەت و لە ساڵی (2020) وە تاکو ئێستاکە لەگەڵ (8) کۆمپانیا (تسويه صلح) کراوە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان، 2022) .

بەڵام ئێمە پێمان وایە بە بەراورد بە دیاردەو تاوانی خۆدزینەوە لە باجدان و ئەم ژمارە کەمەی سکاڵا تۆمارکردن و سزادانەی تاوانباران کەم و کوڕی و کەلێنی یاسایی هەیە و پێویستە یاسادانەری کوردستانی ئەم بۆشاییە یاساییانە پڕ بکاتەوە لە هەموارەکانی داهاتووی یاسای باجی دەرامەت چونکە دواجار بەهۆی ئەم دیاردەیە خۆدزینەوە لە باجدان و ڕووبەڕووبوونەوەی، پابەندی بە دانی باج دەبێتە حاڵەت و هەموان هەوڵی خۆدزینەوە لە باجدان دەدەن .

**دووەم : ڕێگا چارەسەریەکانی ڕووبەڕووبونەوەی خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باجدان .**

خۆدزینەوە لە باجدان تاوانێکی باجی یە، کە دەست درێژی کردنە بۆ سەر بەرژەوەندی یەکێ باجی و یاسادانەر سزایەکی تاوانی بۆ داناوە، وە هەروەها دەست درێژی کردنە بۆ سەر مافی گەنجینەی گشتی لەسەر سەپاندنی باجی کە بەپێی یاسا سەپێندراوە (الهلالي و شريف، 2007: 189) ، تاوانی خۆدزینەوە لە باج وەکو هەموو تاوانەکانی تر هەر دوو پایەی ماددی و معنوی هەیە، کۆمپانیا هەڵدەستێت بە بەکارهێنانی ڕێگای فێڵکردن و پێشکەش کردنی زانیاری و بەڵگەی نادروست کەواتە پایەی ماددی لێرەدا ڕوودەدات، وە هەڵدەستێت بە ئەنجام دانی کارێکی تاوانی و پێشلکردنی بنەمایەکی یاسای سزایی، وە هەروەها ویستی ئەوەی هەیە ئەم کارە ئەنجام بدات زانیاریشی هەیە و دەگاتە ئەو ئەنجامەی بە ویست و زانیاری خۆی، خۆی لە دانی باج ڕزگار بکات و خۆی بدزێتەوە لە باجدان (محمد، 1982: 176). بەو پێیەی کەوا خۆدزینەوە لەباجدان تاوانێکی باجی یە، پێویستە کۆمپانیا کە خۆی دەدزێتەوە لە باجدان سزا بدرێت و لێپرسینەوەی یاسایی لەگەڵدا بکرێت. کەواتە ئەم سزادانەی تۆمەتبار دەبێتە هۆکاری چارەسەر کردنی دیاردەو تاوانی خۆدزینەوە لە باجدان .

لە هەرێمی کوردستاندا یاسادانەر تەنها بەشێوەیەکی گشتی سزای بۆ تاوانی خۆدزینەوە لە باجدان دیاری کردووە و نەچۆتە ناو ووردەکاری ڕێگان و سزاکان بۆ تاوانی خۆدزینەوە لە باجدان هەروەک لە ماددەی (پەنجاو هەشتەم) لە یاسای باجی دەرامەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (20) ی ساڵی (2011) (یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (١١٣) ی ساڵی (١٩٨٢) دا هاتووە سزا ئەدرێت بە حەپس کردن ماوەیەک کەمتر نەبێت لە سێ مانگ و زیاتر نەبێت لە دوو ساڵ ئەوەی لەسەری بسەلمێنت لەبەرانبەر دادگا تایبەتمەندەکان کە ساختەکاری و فێڵ بازی بەکارهێناوە بۆ دەربازبوون لە دانی باجی سەپێندراو یان ئەوەی دەسەپێندرێت بە پێی ئەم یاسایە هەمووی یان بەشێکی

**١- ڕێگا خۆپارێزی یەکانی ڕووبەڕووبونەوەی خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باجی دەرامەت**

لەسەر ئاستی ناوخۆیی پێویستە لە بوارەکانی یاسایی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە ڕێگا لە دیاردەی خۆدزینەوە لە باجدان بگیرێتە بەر بەهۆی ترسناکی ئەم دیاردەیە و بۆ کەمکردنەوەی، بەشێوەیەکی گشتی دەوڵەتان پەنا بۆ ئەم ڕێگا خۆپارێزیانەی خوارەوە دەبەن :-

- **ڕێگا خۆپارێزی یەکان لە بواری یاسایی یەوە**

لە بواری یاسایی یەوە کۆمپانیا هەوڵی ئەوە دەدات سوود لە بۆشایی و کەلێنی یاسایی وەربگرێت بۆ خۆدزینەوەی لە باجدان و هەموو ڕێگایەکیش دەگرێتەبەر بۆ ئەم مەبەستە، بۆیە پێویستە لە بواری یاسایی یەوە ئەم ڕێگا خۆپارێزی یانەی خوارە پەیڕەو بکرێن بۆ کەمکردنەوە ئەم دیاردەیە :-

ا- پێداچوونەوە بە یاساکانی باج (مراجعة التشريعات الضريبية)

یاساکانی باج پێویستە بە شێوەیەک دابڕێژرێت کە گونجاو بن لەگەڵ بارودۆخی ئابووری، هیچ بۆشایی یەک و کەلێنێکی یاسایی تێدا نەبێ ڕێگە خۆشکەر بێ بۆ خۆدزینەوە لە باجدان .

ب- باشترکردنی دەزگا کارگێری یەکانی باج (تحسين الجهاز الاداري الضريبي)

پاڵپشت کردنی دام و دەزگا و بەڕێوەبەرایەتیە کارگێری یەکانی باج بە شێوەیەکی سەردەمیانە و بە سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیا، لە ڕێگای دابین کردنی ئامێر و کۆمپیوتەر بۆ هەڵگرتنی زانیاری و داتاکان و وە بۆ خێرا بەڕێوەبردنی کاروبارەکان.

پ- پابەندی هەڵگرتنی تیانووسە بازرگانیەکان (التزام بمسك الدفاتر التجارية)

جەختکردنەوە لە جێبەجێکردنی یاسا و ڕێسا و پەیڕەوە بەرکارەکان لە هەڵگرتنی تیانووسە بازرگانیەکان، بۆ تۆمار کردنی چالاکی و زانیاری یە ڕاستەقینەکان (عليات، 2013: 21) .

ت- جێگیری یاساکانی باج (استقرار التشريعات الضريبية)

جێگیر بوونی یاساکان و دارشتنیان بە شێوەیەکی ڕوون کە دوور بێ لە هەموو بۆشایی و کەلێنێکی یاسایی، دەبێتە هۆی ئاشنا بوونی باجدەر بە دەقە یاسایی یەکان و یاساکانی باج ئیتر نابێتە هۆکارێک بۆ خۆدزینەوەی لە باجدان (باقر،2015: 140)

ج- مافی بینینی بەڵگەنامە و تیانووسە بازرگانیەکان (حق الاطلاع على المستندات و دفاتر التجارية)

بۆ دەستکەوتنی زانیاری یە ڕاستەقینەکان و زانینی بڕی ڕاستەقینەیی بۆ خەمڵاندنی باج، پێویستە ڕێگا بە فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتی باج بدرێت و مافی بینینی تەواوی بەڵگەنامە و دۆکۆمێنتی تایبەت بە باجدەری هەبێ .

چ- ئاسان کردنی ڕێکارە کارگێری یەکان (تبسيط الاجراءات الادارية)

ئاسان کردنی ڕێکارەکانی وەرگرتنی باجی لە جیاتی گۆڕانکاری و هەمووواری یاساکانی باج،هۆکارێکە بۆ خۆنەدزینەوەی باجدەران .

ح- (مطالبة المكلف بتقديم إقرار مؤيد باليمين)

پابەند کردنی باجدەر بە سوێند خواردنی لەکاتی پێشکەش کردنی ووتە و زانیاری یە باجەکانی، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەگەر دواتر زانیاری نادروستی پێشکەش کرد بە نیازی خۆدزینەوەی لە باجدان، ئەوا بە پێی ئەحکامەکانی سوێند خواردنی بە درۆ لە یاسای سزاکان لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت (زيتون، 2013: 41).

خ- پابەند کردنی دەرامەتەکان بۆ سەپاندنی باجی بەمەبەستی دوور بوون لە خۆزینەوەی یاسایی (اخضاع دخول للضريبة بغية تجنب تهرب ضريبي ينظمه القانون)

کاتێک یاسادانەر باج لەسەر دەرامەتەکان دەسەپێنێت، پێویستە باج لەسەر هەموو ئەو دەرامەتانە بسەپێنێت کە بە پێی یاسا باجدان دەیان گرێتەوە وە لەسەر هەموو ئەو کەسانەی کەوا پێویستە باج بدەن، بۆ ئەوەی دووچاری ئەم خۆدزینەوەیە نەبین کە یاسا ڕێگی دەخات (تهرب الضريبي ينظمه القانون) ئەمەش بە هۆی کەمتەر خەمی یاسادانەر(دويدار، ب. س : 230) .

د- ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاساکانی باج و نەهێشتنی دوانەیی باج (تعدد الضرائب)، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمپانیا هەوڵی خۆدزینەوە نەدات لە باجدان.

ر- هاوبەشی پێکردنی ژمێریاران و لێزانانی باج لەکاتی داڕشتن و دانانی یاساکانی باج و لە هەموارکردنی بابەتە پەیوەندارەکانی بەرەو پێشبردنی پیشەیی ژمێریاری و چوارچێوەی بەرپرسیاریەتی ژمێریار یان لێزانی باجی بۆ دەربرینی ڕاو پێشنیارەکان بۆ پسپۆڕانی یاسایی (السامرائي و العبيدي، 2012: 142) .

ڕ- کارکردنی هاوبەش لەگەڵ سەندیکای ژمێریاران و ووردبینانی یاسایی بۆ بەرەو پێش بردنی ئاستی زانستی وئەکادیمی و ڕاهێنانیان و ئاشنا کردنیان بە پێوەرە ژمێریاری یەکان و پابەند بوونیان بە بنەماکانی ڕەفتاری پیشەیی (مجید ، 2021: 6) .

ز- کۆکردنەوەی باج لە سەرچاوەوە (الجبایة عند المنبع)

لە ڕێگای دەق تایبەت لە یاساکانی باج، بەرێوەبەرایەتیەکانی باج داوا لە دام و دەزگاکان دەکەن بە ناردنی ڕێژەیەک لە سامان و دەرامەتی ئەو باجدەرانەی کەوا پێویستە لەسەریان باج بدەن و لەلای ئەم دام و دەزگا و شوێنانە دەرامەتیان هەیە .

ژ- ئاگادار کردنەوە بە هۆی کەسانی تر(التبلیغ بواسطة الغیر)

لە ڕێگای دەقە یاسایی یەکانی، یاساکانی باجی دەرامەت بەڕێوەبەرایەتیەکانی باج داوای زانیاری باجدەران لە دام ودەزگاو بەڕێوەبەرایەتیەکانی تر دەکەن لەسەر کارو چالاکی و دەرامەتەکانیان کە بۆ بەڕێوەبەرایەتیە باجیەکان ڕەوانەی بکەن (عبد، 2013: 468 – 469) .

س- کارکردن لەسەر دیاری کردنی ناوی باجدەران و ڕێکخستنی دۆسیە باجی یەکانیان، دەبێتە هۆکارێکی بنەڕەتی بۆ کەمکردنەوەی خۆدزینەوە لە باجدان (سعدون، 2017، 107).

- **ڕێگا خۆپارێزی یەکان لە بواری ئابووری یەوە**

حکومەتەکان پێویستە بە تەواوەتی کار لەسەر دووبارە دابەش کردنەوەی داهاتی باجی بکەن بەسەر هاوڵاتیانیاندا، لەڕێگای پرۆژە ئابووری یەکان و خزمەتگوزاریە گشتیەکان بۆ ئەوەی باجدەران بتوانن بەرهەمی باجی خۆیان ببینن و هەستی پێ بکەن تاکو خۆیان لە خۆدزینەوە لە باجدان بە دوور بگرن (رسول،2020، 292).

- **ڕێگا خۆپارێزی یەکان لە بواری کۆمەڵایەتیەوە**

بۆ خۆپاراستن لە دیاردەی خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باجدان، لە بواری کۆمەڵایەتیەوە پێویستە چەند هەنگاوێگ بگیرێتەبەر بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە:

ا- ڕەچاوکردنی بنەمای دادپەروەری باجی، یەکێک لە کارە گرنگەکان لە کاتی سەپاندنی باجی بریتی یە لە ڕەچاوکردنی بنەمای دادپەروەری باجی و لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ژیان و کۆمەڵایەتی باجدەر بۆ ئەوەی بارگرانی نەکەوێتە ئەستۆی و نەبێتە هۆی خۆدزینەوەی لە باجدان .

ب- کارکردن بۆ بە پرۆگرام کردنی بابەتی باج لە ناوەندەکانی خوێندن، ڕوون کردنەوەی مانای باج و گرنگی باج لەسەر داهاتی دەوڵەت و دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئەم بابەتانەن پێویستە بۆ خوێندکاران لە ناوەندەکانی خوێندن باس بکرێت بۆ تێگەیشتن لە مانای سەپاندنی باجی و لەپێناو پێگەیاندنی نەوەیەکی بەرپرسیار لە داهاتوودا (سعدون، 2017: 108) .

پ- بڵاوکردنەوەی هۆشیاری باجی لەلایەن دەسەڵاتی دارایی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی باج و لایەنی پەیوەندی دار لە ڕێگای هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، بەمەبەستی هۆشیار بوونەوەی هاوڵاتیان و باجدەران و تێگەیشتنیان لە هۆکار و ئامانجی باج و هەست کردنیان بە بەرپرسیاریەتی گشتی یەکێکە لە هۆکارە گرنگ و کاریگەرەکانی کەمکردنەوەی خۆدزینەوە لە باجدان(عجیلة و عبدالوهاب و شرف الدین، ب.س: 72).

ت- خەڵات کردنی ئەو کەسانەی کەوا زانیاری لەسەر باجدەران پێشکەش بە دەسەڵاتی باجی دەکەن کە ئەم زانیاری یانە باجدەران خۆیان شاردوویانەتەوە بەمەبەستی خۆدزینەوەیان لە باجدان (الفحل،2016: 165).

ج- کارکردن بۆ باشتر کردنی پەیوەندی نێوان باجدەر و بەڕێوەبەرایەتی باجی دەبێتە هۆی ئەوەی باجدەر وا هەست بکات کە باجدان ئەرکێکی نیشتیمانیە و پێی هەڵدەستێت نەک ئەو پەیوەندی یە لەسەر بنەمای ناکۆکی بێت و ببێتە هۆی خۆدزینەوەی لە باجدان (زیتون، 2013: 42).

**٢- پێوەرە ژمێریاری یەکان و کاریگەریان لەسەر نەهێشتنی خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باجدان .**

ووردبینی کردنی ژمێریاری و پەسەند کردنی ژمێریاری کۆتایی (الحسابات الختامیة) و ژمێرەی کۆتایی و (المیزانیة) وە لیستە دارایی یەکانی کۆمپانیاکان، لە لایەن ژمێریاری یاسایی داواکراوێکی پابەندی یە لە کاتێک کە دامەزراوە ئابووری یەکان ژمێریاری کۆتایی و ژمێرەی خۆیان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی باج دەکەن، ژمێریاری یاسایی بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ئەستۆ و کارێکی گرنگ ئەنجام دەدات چونکە لە دەرئەنجامی ئەم ووردبینی کردنەی بۆ لیستە دارایی یەکان و زانیاری یەکان و ژمێریاری کۆتایی دامەزراوە ئابووری یەکان و کۆمپانیاکان و ڕاپۆرتی ژمێریاری یاسایی و زانیاری یە پشت ڕاستکراوەکانی کە پشتی پێ دەبەسترێت، ئەگەر هات و هاوتا بوو لەگەڵ ڕاستەقینەیی پێگەی دارایی دامەزراوە ئابووری یەکان ئەوا بڕی باجی سەپێندراوی لەسەر دەخەملێندرێت لە لایەن خەملێنەری باجی لە بەرێوەبەرایەتیەکانی باج. بۆیە پێویستە ژمێریاری یاسایی پابەندی پێوەرە ژمێریاری یەکان بێت، وە بە پێی پێوەرە ژمێریاری یە نێودەوڵەتیەکان لەسەری پێویستە ڕاو بۆچوونی خۆی لەسەر لیستە دارایی یەکان وە پێگەی دارایی کۆمپانیاکان و کارو چالاکی یەکانیان و ڕێژەی قازانج و زەرەریان وە هەروەها سەرچاوەی سامان و داهاتیان بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان پێشکەش بکات و سەربەخۆ و بێ لایەن بێت لە ئەرکەکەی، وە لە قۆناغی کۆتایی کارەکەی کە ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش دەکات پێویستە ڕاپۆرتەکەی بە پێی پێوەرە ژمێریاری یە نێودەوڵەتیە زانراوەکان بێت.

هەروەک ئەو بنەما پەیوەندی دارانەی تایبەت بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی کۆتایی ژمێریاری یاسایی کە لە لایەن (پەیمانگەی ئەمریکی بۆ بۆ ژمێریارانی یاسایی) دا هاتووە پێویستە ڕاپۆرتەکان بە پێی پێوەرە ژمێریاری یە زانراوەکان ئامادە کرابن لەم ماوەیەی کە یاسا دیاری کردووە وەک پێشووتر وە زانیاری یەکانی نێو ڕاپۆرتەکە بە ڕاست و دروست دادەنرێت ئەگەر پێچەوانەکەی نەسەلمێندرێت، وە هەروەها پێویستە ڕاپۆرتەکە ڕوون و ئاشکرابێ ژمێریاری یاسایی ڕاو بۆچوونی خۆی بە ڕوونی گەیاندبێت لەگەڵ دەست نیشان کردنی هۆکارەکان لەحاڵەی خۆ گرتنەوەی (التحفظ) پەیڕەوکردنی پێوەرە ژمێریاری یە ناوخۆیی و پێوەرە ژمێریاری یە نێودەوڵەتیەکان، وەهەروەها ڕەچاوکردنی بنەماکانی ڕەوشتی پیشەیی و جێبەجێکردنی یاسا و ڕێسا و پەیڕەوە پەیوەندی دارە بەرکارەکان لە پرۆسەی چاودێری کردن و ووردبینی کردنی ژمێریاری دامەزراوە ئابووری یەکان و کۆمپانیاکان، سەرەکیترین و گرنگترین هۆکاری کەمکردنەوە و نەهێشتنی تاوانی خۆ دزینەوەیە لە باجدان (حداد،2006 : 25 – 28) .

**٣- ڕووبەڕووبونەوەی خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باجدان لە ڕووی نێودەوڵەتیەوە .**

خۆدزینەوە لە باجدان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە دوای دروست بوونی کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانەوە سەری هەڵداوە، ئەمەش بۆ سروشتی کارەکەیان دەگەڕێتەوە کە لە نێوان ئابووری چەند دەوڵەتێکی دیاریکراو کاردەکەن کە هەر یەکێک لەم دەوڵەتانە سیستەمی ئابووری جیاواز تایبەت بەخۆی هەیە کە دەبێتە هۆی خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لە باجدان (ناشد، 2008: 30).

مەبەست لە خۆدزینەوەی لە باجی نێودەوڵەتی بریتی یە لە بەکارهێنانی ڕێگای نایاسایی لە لایەن باجدەرەوە بۆ گواستنەوەی هەموو یان بەشێک لە ئەم قازانجەی کە پێویستە لەم وڵاتەدا باجی لێ بدات بۆ دەوڵەتێکی تر یان هەر باج لەم قازانجە نادات و خۆی لە باجدان ڕزگار دەکات (الشوابکە، 2020: 131).

بەمەبەستی ڕێگری کردن لە خۆدزینەوەی باجی نێودەوڵەتی و چارەسەر کردنی ئەم دیاردەیە، وڵاتان ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتیان ئەنجام داوە بە ئامانجی گۆڕینەوەی زانیاری پەیوەندی دار بە سەپاندنی باجی و کۆکردنەوەی ، وە هەروەها هاوکاری کردنی وڵاتان لەنێوان خۆیان بۆ ڕێگری کردن لە دیاردەی خۆدزینەوە لە باجدان لە ڕووی کارگێری و گۆڕینەوەی زانیاری و هاوکاری کردنی یەکتر بۆ گەڕاندنەوەی باجی سەپێندراو (العلي، 2011: 181) .

**٤- ڕێگاکانی ڕووبەڕووبونەوەی خۆدزینەوە لە باجدانی بازرگانی ئەلیکترۆنی .**

هەوڵدان بۆ نەهێشتن و ڕێگری کردن لە تاوانی خۆدزینەوە لە باجدان بە ڕێگای بازرگانی کردن و مامەڵەی ئەلیکترۆنی کارێکی ئاسان نیە، بەڵکو زۆر جار ئەستەم دەبێت ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە ڕێگای ئەلیکترۆنیەوە ئەنجام دەدرێت ، خۆدزینەوە لە باجدان لە ڕێگای بازرگانی ئەلیکترۆنی

شێوەیەکی نوێ ی خۆدزینەوەیە لە باجدان هەم لەسەر ئاستی ناوخۆیی هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بۆ نەهێشتنی تاوانی خۆدزینەوەی باجی لە ڕێگای بازرگانی ئەلیکترۆنی دەتوانین ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بگیرینە بەر :-

١- هەموار کردنەوەی یاساکان تایبەت بە بابەتی بازرگانی ئەلیکترۆنی یان دەرچواندنی یاسای تایبەت بە بازرگانی ئەلیکترۆنی وەکو بازرگانیەکانی تر بۆ ئەوەی هیچ کەسێک خۆی لە باج دان دەرباز نەکاتن، ئەمەش لە ڕێگای دەق کردن لەسەر ئەوەی :-

ئەو کەل و پەلانەی کەوا لە ڕێگای ئەلکترۆنی یەوە ئاڵ و گۆڕی پێ دەکرێت جا چ لە ناوخۆیی وڵات دەگوازرێتەوە یاخود لە نێوان وڵاتان ئاڵ و گۆڕی پێ دەکرێت و دەگوازرێتەوە ملکەچ بێ بۆ سەپاندنی باج لەسەریان دا، وە سەپاندنی باج لەسەر گواستنەوەی ئەم کەلو پەلانە لە سنوری نێوان وڵاتان .

وە هەروەها سەپاندنی باج لەسەر ڕێکلام کردنی ئەم کۆمپانیا بازرگانیە ئەلیکترۆنیانەی کەوا بەهۆی ئەلیکترۆنیەوە بازرگانی دەکەن وە لەهەمان کاتدا ریکلام دەکەن بۆ بەرهەمەکانیان، ئەمانەش لە پێناو ئەوەی هیچ کەسێک خۆی لە باج دان دەرباز نەکاتن و بەمەبەستی بەدیهێنانی دادپەروەری باجی .

٢- باجدەر کاتێک ووتەی خۆی سەبارەت بە باج پێشکەش دەکات پێویستە دیاری بکات کە ئایا چالاکی یەکەی لە ڕێگای ئەلیکترۆنیە یاخود نا بازرگانی کردنەکەی لەرێگای ئەلیکترۆنیە یان نا بۆ سەپاندنی باج .

٣- دۆزینەوەو دانانی پرۆگرامی پێشکەوتووی ئەلیکترۆنی بۆ دیاریکردن و پشکنین و ئاشکرا کردنی چالاکیە بازرگانیە ئەلیکترۆنیەکان و سەپاندنی باج بە سەریاندا.

٤- دابین کردنی کۆمپیوتەر و ئامێری ئەلیکترۆنی وە ڕاهێنانی فەرمانبەرانی باج بۆ ئاگادار بوون و بەدواداچوونی چالاکیە ئەلیکترۆنیەکان (محمود، 2012: 26 - 28) .

**دەرئەنجام .**

١- ژمێریاری یاسایی کەسێکی ئەکادیمی شارەزای بواری ژمێریاریە، هەڵدەستێت بە پێداچوونەوەو ووردبینی کردنی ژمێرەی کۆتایی کۆمپانیاکان و ووردبینی کردنی ئەو داتا و زانیاری یانەی کە کۆمپانیا بە ژمێریاری یاسایی داوە، ئەمەش بە پێی پێوەرە ژمێریاریەکان .

2- ژمێریاری یاسایی پابەندە بە جێبەجێکردنی پێوەرە ژمێریاریە ناوخۆیی یەکان و وە پێوەرە ژمێریاریە نێەدەوڵەتیەکان و وە هەروەها پابەندە بە جێبەجێکردنی یاساکانی باج و یاساکانی تایبەت بە کاری ژمێریاری یاسایی و پابەند بوونی بە بنەماکانی ڕەفتاری پیشەیی و یاسا و ڕێسا و ڕێنمایی یە پەیوەندی دارەکان. وە هەروەها ئەرکەکانی خۆی بە یاسا جێبەجێ بکات، ئەگەرچی تاکو ئێستاکە یاسادانەری کوردستان پشت بە یاسا عێراقیەکان دەبەستێت بەڵام پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەری کوردستانی کە لەداهاتوودا یاسای تایبەت بە باجەکان و کۆمپانیاکان و ژمێریاری یاسایی و هەموو بابەتە پەیوەندی دارەکانی وەکو ڕێسا و پەیڕەوەکانی یەکانی تایبەت بە پیشەی باج و ژمێریاری دەربچوێنێ ئەمەش بە هۆی گۆرانکاری ئابووری و رامیاری و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان دا . وە هەرەوها بەهۆی پێشکەوتنی بەردەوامی ئابووری و پەیدا بوونی بازرگانی و کاری نوێ و پێشکەوتن یاساکان ناتوانن هاوتا برۆن لەگەڵ ئەم پێشکەوتنانە و دەبێت هەموار بکرێنەوە .

3- بەپێی یاسای باجی دەرامەت کۆمپانیاکان وەکو کەسایەتیەکی واتایی کە کار دەکەن و قازانج دەکەن، بۆیە لەسەر یان پێویستە باج بدەن لەسەر داهات و قازانجی کۆمیپانیا ئەمەش لەرێگای پێشکەش کردنی ژمێرەی کۆتایی کە لەلایەن ژمێریاری یاسایی یەوە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت بۆ ئەو زانیاری و داتایانەی کە کۆمپانیا پێشکەش بە ژمێریاری یاسایی کردووە .

4- بەهۆی گۆڕانکاری بەردەوام لە بواری ئابووریدا و بەهۆی پێشکەوتنە ئابووری یەکانەوە پێویستە یاساکان هەوار بکرێنەوە یاخود یاسای نوێ دەربکرێن لە بابەتی باجی بۆ ئەوەی هیچ کەس لە دانی باج خۆی نەدزێتەوە چونکە خۆدزینەوە لە باجدان تاوانێکی ئابووری ترسناکە کاریگەری هەیە لەسەر داهاتی گشتی .بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین :-

أ- هەموار کردنەوەی یاساکانی تایبەت بە باج و یاسا پەیوەندی دارەکان بە ژمێریاری، وە هەروەها بەدواداچوون بۆ بابەتی خۆدزینەوە لە باجدان بۆ دەست نیشان کردنی هۆکارەکان و کەم و کوری یە یاسایی یەکان و گرنگترین ڕێگا چارەسەری یەکان بۆ ڕووبەرووبونەوەی ئەمەش لە ڕێگای ئەوەی لە ناو بەرێوەبەرایەتیەکانی باجی لیژنەک یان ژوورێک بۆ مەبەستی بابەتی خۆدزینەوە دروست بکرێ بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە تاوان و دیاردەی خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان و بڵاوکردنەوەی .

ب- دەرچواندنی یاسای تاوانە ئابووری یەکان، ئەمەش لە ڕێگای بە دەق کردن و جیاکردنەوەی هەموو ئەم کردار و کارانەی زیان بە ماڵ و سامان و داهاتی دەوڵەت دەگەیەنێت و لە ناویانیشدا تاوانی خۆدزینەوە لە باج دان .

ت- وە هەروەها دامەزراندنی دادگای تایبەتمەند بە باج لە هەرێمی کوردستان، دادگای لێکۆڵینەوەی باجی و دادگای بەرایی باج کە هەردوو داواکانی سزایی و شارستانی ببینێت وە دادگای تێهەڵچوونەوەی باجی، ئەمەش لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و خێراتر بەرێوە چوونی کاروبارەکان .

ج - بڵاوکردنەوەی هۆشیاری باجی بەجۆرێک لە پرۆگرامی خوێندن و پەروەردەوە باس لە فەلسەفەی سەپاندنی باجی بکرێت وەکو سەرچاوەیەک لەسەر چاوەکانی داهات و پڕکردنەوەی پێداویستی یە گشتی یەکان .

ح- بە هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکای ژمێریارانی کوردستان کردنەوەی خولی راهێنان و ئاشنا کردنی ژمێریارانی یاسایی بە یاسا و ڕێساکانی باجی و پێوەرە ژمێریاری یە ناوخۆیی و نێودەودەوڵەتیەکان و رەفتاری پیشەیی .

5- ژمێریاری یاسایی هەڵدەستێت بە پێداچوونەوەی ژمێرەی کۆتایی کۆمپانیاکان لەسەر بنەمای ئەو داتا و زانیاری کە کۆمپانیا پێشکەش بە ژمێریاری یاسایی دەکات، لێرەدا لەسەر ژمێریاری یاسایی پێویستە بە پێی پێوەرە ژمێریارەکان هەلبستێت بە دڵنیابونەوەی لەوەی کە ئەم زانیاری یانە هەر کەم و کوریەک و نادروستی یەکیان هەیە یان وە لەکاتی بوونی هەر نادروستی یەک لە لایەن کۆمپانیاوە پێویستە لەسەر ژمێریاری یاسایی دەسەڵاتی دارایی و بەرێوەبەرایەتیەکانی باجی ئاگاداربکاتەوە ، بە پێچەوانەوە بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ئەستۆ بەرپرسیاریەتی پیشەیی و شارستانی و سزایی بەجۆرێک کە دووچاری سزادان دەبێتەوە.

**لیستی سەرچاوەکان .**

١- أمين، أحمد على (2015)، المسؤولية المدنية لمراقب الحسابات في الشركات المساهمة، دراسة مقارنة، رساله ماجستير، كلية الحقوق، قسم القانون التجاري، جامعة الاسكنرية – مصر .

٢- أبوغيدا، عبير محمود (2014)، العوامل المؤثرة في كفاءة المدقق للكشف عن عدم الالتزام بالقوانين و الأنظمة، دراسة ميدانية، رسالة ماجستير، كلية الاقتصاد، جامعة دمشق .

٣- البياتي، م.م. أبوذرعبداالكريم شاكر (2021)، التهرب الضريبي في العراق الواقع و الطموح، مجلة كلية الحقوق، جامعة النهرين، المجلد (14)، العدد (B1) .

4- الخفاجي و لطيف، م. د. عبيد خيون و م. م. عبدالامير زامل (2017)، الاعفاءات الضريبية و أثرها في الحد من ظاهرة التهرب الضريبي، دراسة ميدانية، مجلة دراسات محاسبية و مالية، المجلد (الثاني عشر)، العدد (41)، الفصل الرابع .

٥- الحومي و عودة و صالح، المحامي جمال محمود و أحمد عبدالرحيم محمود و الأستاذ الدكتور نائل عبدالرحمن (2004)، المسؤولية الجزائية للشركات التجارية، دراسة تحليلية مقارنة، الطبعة الأولى، دار وائل للنشر، عمان - الاردن .

٦- الركابي، عبدالحسن وحيد محمد ، (2009)، مسؤولية المراقب الحسابات في التحقق من فرض الاستمرارية، دراسة تحليلية لعدد من الشركات العامة و المختلطة ، المحاسبة القانونية ، المعهد العربي للمحاسبين القانونيين ، بغداد – العراق .

7- الرشيد، حسام حسني (2013)، المسؤولية المدنية لمدقق الحسابات في قانون ضريبة الدخل الأردني، رسالة ماجستير، قسم قانون الخاص، كلية القانون، جامعة جرش الاهلية .

8- الزبيدي، عبدالباسط علي (2015)، الضرائب المباشرة، الطبع الاولى، دار حامد للنشر و التوزيع، عمان، الاردن.

9- الزبيدي، عبدالباسط علي (2015)، التشريع الضريبي، الطبع الاولى، دار حامد للنشر و التوزيع، عمان، الاردن .

10- السامرائي و العبيدي، أ.د. يسرى مهدي حسن و م.م زهرة خضير عباس (2012)، تحليل ظاهرة التهرب الضريبي و وسائل معالجته في النظام الضريبي العراقي، مجلة جامعة الانبار للعلوم الاقتصادية و الادارية، المجلد (4)، العدد (9) .

11- الشوابكة، الاستاذ الدكتور سالم محمد (2020)، المالية العامة و التشريعات الضريبية، دار الثقافة للنشر و التوزيع .

الشريف و بيت المال و احشاد (بدون سنة)، دكتور يونس حسن و دكتور محمد عبدالله و دكتور يونس حسن، مبادئ المحاسبة المالية، منشورات جامعة قار يونس .

12- الصبان و على، الأستاذ الدكتور محمد سمير و الدكتور عبدالوهاب نصر (2002)، المراجعة الخارجية، المفاهيم الأساسية و آليات التطبيق وفقا للمعايير المتعارف عليها و المعايير الدولية، دار جامعة .

13- العلي، الاستاذ الدكتور عادل فليح (2011)، المالية العامة و القانون المالي و الضريبي، الجزء الاول، الطبعة الثانية، اثراء للنشر و التوزيع .

14- العطار، احمد خيرت (1969)، مبادئ مراقبة الحسابات المالية ، مطبعة نهضة العربية ، قاهرة، مصر.

15- العوجي، مصطفى (2004)، القانون المدني، الجزء الثانية، المسؤولية المدنية، الطبعة الثانية، منقحة و مزيدة، منشورات الحلبي الحقوقية.

16- الفحل، الدكتور عباس مفرج (2016)، الضريبة على الرواتب و الأجور و المخصصات، الطبعة الاولى، مكتبة زين الحقوقية، بيروت – لبنان .

17- النواس، رافد عبيد (2009)، مسؤولية مراقب الحسابات في تقويم مخاطر المشروعات الصغيرة و المتوسطة، مجلة دراسات محاسبية و مالية، المجلد (2)، العدد (7) .

18- الهلالي و شريف، المدرس الدكتور علي هادي عطية و ميثم حنظل (2007)، تفعيل الردع الضريبي في قانون ضريبة الدخل رقم (113) لسنة (1982) المعدل، مجلة كلية الحقوق جامعة النهرين، المجلد (9)، العدد (2) .

19- باقر، م.م علي عبدالعظيم (2015)، دور الاجراءات و التشريعات الضريبة في التهرب الضريبي، مجلة كلية الإدارة الأقتصاد للدراسات الاقتصادية و الإدارية و مالية، المجلد (7)، العدد (2) .

20- توكل، دكتور فادى (2013)، دور مراقبي الحسابات لحماية المساهمين في الشركات المساهمة، دار النهضة العربية، القاهرة .

21- جربوع، دكتور يوسف محمود (2014)، نظرية المحاسبة، الطبعة الثانية.

23- جبر و هادي، عذراء طعمة و أ.د. سالم عواد (2020)، تأثير الإفصاح الاختياري للشركات في التهرب الضريبي، بحث تطبيقي تحليلي لعينة من الشركات المساهمة العراقية الخاصة، المجلد (15)، العدد (53) .

24- حامد، ئةردةلان اسماعيل , (2017) ، تحديد العوامل المؤثرة في على تضييق فجوة التوقعات في التدقيق ، دراسة إستطلاعية لآراء عينة من مراقبي الحسابات و مستخدمي القوائم المالية (المستثمرين) في اقليم كوردستان العراق ، رسالة ماجستير ، كلية الإدارة و الاقتصاد ، جامعة صلاح الدين – أربيل .

25- حداد، بسام عبدالله نجيب (2006)، دور الاجراءات الرقابية و القواعد المحاسبية في الحد من التهرب الضريبي في الاردن، رسالة ماجستير، قسم المحاسبة، كلية الاقتصاد و العلوم الادارية، جامعة اليرموك، الاردن .

26- حوسو، محمد محمود ذيب (2005)، التدقيق للآغراض الضريبية، أطروحة، كلية الدراسات العليا، جامعة النجاح الوطنية، نابلس - فلسطين .

27- خلف، نهلة طعمة (2006)، التنظيم القانوني لمراقب الحسابات في الشركات القطاع الخاص، دراسة مقارنة، رسالة ماجستير، كلية القانون، جامعة بغداد

28- خصاونة، المحامي الدكتور جهاد سعيد (2010)، علم المالية العامة و التشريع الضريبي بين النظرية و التطبيق، الطبعة الاولى، دار وائل للنشر، عمان – الاردن .

29- دحدوح و القاضي، الأستاذ الدكتور حسين أحمد و الأستاذ الدكتور حسين يوسف (2012)، مراجعة الحسابات المتقدمة الإطار النظري و الإجراءات العلمية، الجزء الأول، الطبعة الثانية، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان - الاردن .

30- دويدار، دكتور محمد (بدون سنة)، دراسات في الاقتصاد المالي، منشاة المعارف، الاسكندرية .

31-رسول، شاخوان خضر (2020)، أسباب التهرب الضريبي في إقليم كوردستان، مجلة قةلاى زانست العلمية، المجلد (5)، العدد (3)، أربيل .

32- زيتون، ريم غسان (2013)، أثر تفعيل عملية التقدير الذاتي و مسؤولية المدقق في تعزيز ثقة المكلفين و الحد من ظاهرة التهرب الضريبي في الأردن، دراسة ميدانية، قسم المحاسبة، كلية الاقتصاد و العلوم الإدارية، جامعة اليرموك، الاردن .

33- سعيد، ريبين سلام محمد (2008)، الإعفاءات في النظام الضريبي العراقي مع إشارة خاصة الى إقليم كوردستان ــ العراق، رسالة الماجستير، كلية القانون، جامعة السليمانية .

34- سعدون، م.م. عباس ناصر (2017)، أثر مكافحة التهرب الضريبي في الحد من البطالة، دراسة تحليلية في العراق، مجلة الغريللعلوم الاقتصادية و الادارية، المجلد (الرابع عشر)، العدد (3).

35- سواد، الدكتوره زاهره توفيق (٢٠٠٩)، مراجعة الحسابات و التدقيق، الطبعة الآولى، دار الراية للنشر و التوزيع، عمان .

36- شفاعمري، فضيل مصطفى يوسف (2014)، مدى مسؤولية المدقق الخارجي في اكتشاف حالات الفساد المالي في الشركات المساهمة العامة الاردنية، رسالة ماجستير، كلية الآعمال، قسم المحاسبة و التمويل، جامعة شرق الاوسط .

37- صالح و بايز، أ.د. ازاد شكور و أ. م د. بختيار صابر(2021)، دور مراقب الحسابات في تحقيق الشفافية و الإفصاح عن المعلومات في سوق الاوراق المالية، دراسة مقارنة، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية و السياسية، المجلد (10) ، العدد (38) .

38- صالح، احمد اسماعيل محمد (2019)، دور السلطة المالية في الحد من التهرب الضريبي، بحث استطلاعي لاراء عينة من المختصين في دوائر ضريبة الدخل في محافظتي أربيل و دهوك، المجلة الاكاديمية لجامعة نوروز، المجلد (8)، العدد (2) .

39- عبدالله، الآستاذ الدكتور خالد أمين (2012)، علم تدقيق الحسابات، الناحية النظرية و العلمية، الطبعة السادسة، دار وائل للنشر .

40- عجيلة و عبدالوهاب و شرف الدين، دكتور عاصم احمد و دكتور محمد رفعت و دكتور احمد عبدالرحمن (بدون سنة)، مبادئ التشريع الضريبي، مطبعة نهضة مصر .

41- عباس، محمد ابراهيم خضير (2021)، موانع المسؤولية في الجرائم الضريبية، أطروحة دكتوراه، قسم القانون العام،كلية الحقوق، الجامعية الأسلامية في لبنان.

42- عبد، م. م. سهاد كشكول (2013)، التهرب الضريبي و اثره على التنمية الاقتصادية في العراق، مجلة دراسات محاسبية و مالية، المجلد (الثامن)، العدد (24)، الفصل الثالث .

43- عليات، أ. خالد عيادة (2013) التهرب الضريبي أسبابه و أشكاله و طرق الحد منه ، مجلة الاقتصاد الجديد، العدد (9) .

44- محمود، حماده خير (2012)، المعالجة الضريبية للتجارة الالكترونية، المؤتمر الضريبي الثامن عشر نحو نظام ضريبي ملائم لمواجهة التحديات المعاصرة، الجمعية المصرية للمالية العامة و الضرائب، قاهرة .

45- قاسم، علي سعيد (1991)، مراقب الحسابات، دراسة قانونية مقارنة لدور مراقب الحسابات في شركة المساهمة،دار الفكر العربي.

46- لخرا، محمود عبدالملك (2002)، المراجعة بين النظرية و التطبيق ، ذات السلاسل للطباعة و النشر و التوزيع ، الكويت .

47- محمد، عادل كمال حسانين (1982)، مدى مسؤلية مراقب الحسابات عن الاقرار الضريبي، طبقا للقوانين الضريبة في مصر، رسالة ماجستير، قسم المحاسبة و المراجعة، كلية التجارة، جامعة طنطا.

48- مرعي، عثمان (2011)، دور مدقق الحسابات في مصداقية البيان الضريبي، دراسة تحليلية في سورية، رساله ماجستير،كلية الأقتصاد، قسم المحاسبة، جامعة دمشق – سورية.

49- مجيد، سوسن شاكر (2021)، واقع التهرب الضريبي في العراق و المعالجات، https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid،لەبەرواری (2022/7/27) .

50- ناشد، دكتورة سوزي عدلي (2008)، ظاهرة التهرب الضريبي الدولي و اثارها على اقتصاديات الدول النامية، الطبعة الاولى، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت - لبنان .

51- نوري و جواد و خضر، عبدالطيف و مؤيد و أحمد جاسم (1985)، أصول التدقيق، الطبعة الاولى، مطبعة العمال المركزية، بغداد .

القانون المدني العراقي رقم (40) لسنة (1951) .

52- نجيب (2018) د.شيماء محمد، أثر الفساد الاقتصادي المنظم في التهرب الضريبي لدول نامية مختارة، المجلة الاكاديمية لجامعة نوروز، العدد (1)، المجلد (7).

53- ياسين و درويش، فؤاد توفيق و أحمد عبدالله (1996)، المحاسبة الضريبية، الطبع الاولى، دار اليازوری للنشر و تزيع، عمان .

54- یاسای کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (21) ی ساڵی (1997) ی هەموار کراو

55- یاسای سەندیکای ژمێرکارو تەدقیقکارانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (18) ی ساڵی (2000) .

56- یاسای باجی دەرامەت ژمارە (113) ی ساڵی (1982) لە هەرێمی کوردستان – عێراق .

57- یاسای ژمارە (20) ی ساڵی (2011) یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (١١٣) ی ساڵی (١٩٨٢) ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان - عێراق .

58- پەیڕەوی ناوخۆیی کۆمەڵەی زانستی ژمێرکارانی یاسایی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1) ی ساڵی (2016) .

59- پەیرەوی پیادە کردنی پیشەی چاودێری و وردبینی ژمێریاری لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (3) ی ساڵی (2020) .

60- یابە (2022)، د. جمال انور، سەرۆکی لیژنەی زیادەڕۆیی ژمێرەی کۆتایی کۆمپانیاکان، بەرواری چاوپێکەوتن (2022/5/11)، سەندیکای ژمێریاران و وردبینانی کوردستان ، هەولێر .

61- بەڕێوەبەرایەتی یاسایی و هونەری (2022)، بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری، بەرواری چاوپێکەوتن (2022/7/20)، هەولێر .

Abstract

Income tax is a type of direct tax imposed on the income and wealth of individuals to meet the public needs of society and achieve tax justice. Companies as economic units play a role in the provision of the public needs of society by paying income tax. For this purpose, to impose tax on corporate income and profits, the company's final accounts must be reviewed by the legal accountant to ensure the accuracy of the company's financial information and documents, based on the information provided by the company to the legal accountant. According to the documents, the legal accountant determines the financial position of the company, the profit and loss ratio and prepares a report on it. Therefore, legal accountants are subject to professional, civil, and criminal liability. In case of non-compliance with the principles of professional conduct, domestic and international accounting standards, and applicable laws, must .compensate the injured party when companies try to avoid paying taxes

Legal accounting plays an important role in preventing tax evasion by monitoring and auditing the final accounts of companies and financial information in accordance with domestic and international accounting standards as well as applicable laws. Tax evasion is a serious economic crime that affects tax justice and the social aspects of citizens' lives because it creates a burden on citizens, results in the loss of people’s trust in tax system, hence, not contributing to the meeting of public needs. In addition, this will also lead to non-compliance with the tax laws. This is caused by the spread of tax evasion and light penalties for tax evasion or failure to punish criminals and failure to try to solve tax evasion. The continuation of this will ultimately prevents taxpayers and citizens from .paying taxes and complying with tax laws

Therefore, the legal accountant is subject to legal responsibility and punishment, so the penalties should be appropriate to the crime of tax evasion. The relevant tax authorities should also investigate and work more to combat the issue of tax evasion through amendments and developing a specific law of income tax that is in line with economic developments, the establishment of tax courts, through tax departments, and disseminate tax awareness to introduce the philosophy of taxes as a .source of state revenue.

Legal Responsibility of Forensic Accounting in Combating Corporate Income Tax Evasion in the Kurdistan Region

(An Analytical Study)

Dr. Kamal Anwar Yabe

Eman Ezaddin Bakr Rojbayani

An Associate Professor at the College of Law, Salahaddin University-Erbil; and a Lecturer at the Department of Law, College of Law and International Relations, Lebanese French University, Erbil, the Kurdistan .Region

An MA student at the Department of Public Law, Faculty of Humanities .and Social Sciences, Koya University, Koya, the Kurdistan Region